دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٣٢

www. kurdistanukurd.com

یەکشەممە ١٥ی خاکەلیوە ی١٣٨٩ ـ ٤ ی ئاوریلی ٢٠١٠ ـ ١٥٠ ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب، لە پارڵمانی نۆروێژ

سیاسی



رابردووی کوشتاری بەکۆمەڵ لە کوردستان و ئەرکی ئێمە

کوردستانی



وتووێژ لەگەڵ دوکتور نەجمەدین کەریم

بیروڕای ئازاد



کورد؛ خاوەنی راستەقینەی نەورۆز

# گەشەکردنی بیری رزگاریخوازی لە کوردستان بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی شەهیدەکانمانە

## تەحریمەکان زیان لە کێ دەدەن؟

حوسێن ئەحمەد پوور

بابەتی گەمارۆی ئابووریی ئێران لەم رۆژانەدا کەوتۆتە رۆژەڤی سیاسەتی نێودەوڵەتی و لەنێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکاندا زیاترین باسی لەسەر دەکرێ. ئێستا وڵاتانی رۆژئاوایی، لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا و فەرانسە، بریتانیا و ئاڵمان بە تەواوی لەسەر پەرەپێدانی تەحریمی ئابووریی ئێران هاوڕان و زۆر بە جیددی کار بۆ بە قەناعەت گەیاندنی وڵاتانی دیکە دەکەن و بە پێی هەواڵەکان لە هەوڵەکانیشیاندا تارادەیەکی بەرچاو سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە. لە کاتێکدا کە هەوڵەکانی رۆژئاوا بۆ تەحریمی ئێران لە دوا قۆناخەکانی خۆی نزیك بۆتەوە، رێژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئیستاشی لە گەڵدا بێ بە پێی پێشینەی خۆی هێشتا لەسەر سیاسەتی لاسارانەی خۆی بەردەوامەو بەردەوامیش لەم پێوەندییەدا خەریکی چەواشەکردنی خەڵکی ناوخۆی ئێرانە. رێبەرانی رێژیم و راگەیەنەکانی وا دەنوێنن کە ئەوان لە تەحریم ناترسێن و نە تەنیا زەرەر ناکەن، بەڵکو تەحریم کردنی ئێران بە زەرەری رۆژئاوا تەواو دەبێ. دیارە نابێ هیچ گومانمان لەوەدا هەبێ کە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی خۆیان لەهەموو کەس باشتر لە ئاکامی کارەساتباری تەحریمەکان بە تایبەت بۆ سەر خەڵکی ئێران ئاگادارن. بەڵام لە بەر ئەوەی لە رووی خەسڵەتی دژەخەڵکی و دژەگەلی بوونەوە لە مەسەلەکە دەڕوانن پێیان وایە لە ئەگەری پەرەسەندنی تەحریمەکان دا ئەوە خەڵکی ئێرانن کە زەبریان لێ دەدرێ دەبینن نەك رێژیم و دام و دەزگاکانی، هەر بۆیە خۆیان دەروەست نابینن و جگە لەوە کە وەڵامی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم نادەنەوە، بەڵکوو دەیانەوێ بە چەواشەکاری وا لە رای گشتیی خەڵکی ئێران بگەیەنن کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی روو بەڕووی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران بوونەتەوەو تەنیا و تەنیا مەبەستیانە زەبر لە خەڵکی ئێران بدەن.

ئەگەر چی تا ئێستا نێوەرۆکی تەحریمی ئەمجارە بۆ سەر ئێران بە تەواوی روون نیە، بەڵام رێبەرانی وڵاتانی رۆژئاوا تا ئێستا چەندین جار رایانگەیاندوە کە مەبەستیان تەنیا فشار خستنە سەر رێژیمی ئێرانە و نەك زەربە وەشاندن لە خەڵکی ئێران. بۆ ئەم مەبەستەش باس لە شێوازێك لە تەحریم واتە تەحریمی هووشمەند دەکەن، بە چەشنێك کە تەحریمەکان کاریگەریی مەنفی لە سەر ژیانی رۆژانەی خەڵکی ئێران دانەنێن. بەو حاڵەش نێوەرۆکی ئەو تەحریمە هەر شتێك بێ بە هۆی بارودۆخی ئابووریی ئێرانەوە کە بەشی سەرەکیی داهاتی ئەو وڵاتە لە رێگەی نەوت و گازەوە دابین دەکرێ و تەواوی ئەو داهاتەش لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دایە، ناتوانین بڵێین کە ئۆرگانەکان و کاربەدەستانی رێژیم لە ئەگەری تەحریم دا دەکەونە ژێر فشارەوە، بەڵکوو لە وەها حاڵەتێکدا لەو بەشە لە داهاتی نەوت کە دەچێتە سەر سفرەی خەڵك کەم دەکەنەوەو خەرجی دام و دەزگاکانی خۆیانی دەکەن. کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەر چەشنە تەحریمێك راستەوخۆ کاریگەری لە سەر ژیانی رۆژانەی خەڵکی ئێران و بەتایبەت توێژە هەژارو کەم داهاتەکان دادەنێ و زیاتر لە جاران دەیانخاتە ژێر فشارەوە. وەها حاڵەتێکیش زۆر بە پێچەوانەی مەیلی رێژیم نیە.

لێرەدا ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی رێبەرانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران بە گشتی و تێکرای ئۆپۆزیسیۆنی رێژیم لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات دا. یەکێك لەو رخنە زۆر جیددیانەی کە رووبەڕووی رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن لە ماوەی رابردوودا بۆتەوە ئەوەیە کە زۆر گرنگییان بە پێوەندییەکانی دەرەوەیان نەداوەو خۆیان لە چوارچێوەی نێوخۆی ئێراندا قەتیس کردوە. پێویستە ئەوان لەمەو بەدوا بە راشکاوانە هەوڵەکانی خۆیان بخەنە گەڕ لە وڵاتانی دەرەوە بگەیەنن کە کێشە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و خەڵکی ئێران لەگەڵ رێژیم کێشەیەکی هاوبەشەو ئەویش بریتییە لە کێشەی دێموکراسی و پابەند نەبوونی رێژیم بە پرەنسیپە دێموکراتیکەکان. کۆمەڵگای نێونەتەوەییش دەبێ فشارەکانی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر لەم چوارچێوەیەدا بێ. ئەگەر بێتو رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن نەتوانن رێبەرانی وڵاتانی رۆژئاوا لە راستیی کێشەکانی ئێران بگەیەنن، هیچ دوور نیە رێژیم بتوانێ لە رێگەی داهاتی نەوتەوە لە بەرامبەر فشارەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا خۆی رابگرێ و درێژە بە سیاسەتی سەرکوت لە نێوخۆو سەرەڕۆیی و لاساری لە دەرەوەدا بداو بەم جۆرەش لە داهاتوودا ئێران بەرەو کارەساتی زۆر گەورەتر ببا. لە وەها حاڵەتێکیش دا تەنیا خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی زەرەر دەکەن و سەرکەوتن دوورتر دەکەوێتەوە.



## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی رۆژی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

رێبوارانی رێی شەهیدانی کوردستان لە شەست و سێهەمین ساڵرۆژی لە سێدارەدانی پیشەوای نەمر، قازی محەمەد دا یاد و بیرەوەریی شەهیدانیان بەرز راگرت.

دوانیوەڕۆی رۆژی سێشەممە، ١٠ ی خاکەلێوەی ٨٩ ی هەتاوی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە کەمپەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە رێوڕەسمێکی بەشکۆدا یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستانیان بەرز راگرت و لە گەڵ ئامانج و رێبازی شەهیدانی کوردستان بەڵین و پەیمانی وەفایان نوێ کردوە.

لە سەرەتای ئەو رێورەسمەدا بەشدارانی رێوڕەسمەکە لە رێپێوانێکدا چوونە سەر مەزارگەی شەهیدانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و چەپکە گوڵیان پێشکەشی مەزاری شەهیدان کرد . لەو بڕگەیەی رێوڕەسمەکەدا کاک جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕات و یادگاری کۆماری کوردستان لە گەڵ دایە سەیدزادە عەزیزی، هاوسەری کاک سەید سەلامی عەزیزی تاجە گوڵینەیان لە سەر گڵکۆی کاک سەید سەلامی عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب دانا.

درێژەی لە لاپەڕەی ٢ دا بخوێنەوە

## رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور: کۆماری ئێسلامی لە بارو دۆخی نالەباری رۆژنامە نووسانی بەندکراو بە بەرپرس دەزانین

رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور بە دەرکردنی بەیاننامەیەك نیگەرانیی قووڵی خۆی لە بارودۆخی نامرۆڤانەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە ئێراندا دەربڕیوە.

ئەو بەیاننامەیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر تەندروستیی رۆژنامەنووسانی نەخۆش دا بە بەرپرسیار لە قەڵەم داوە و داوای لێ کردوون کە بۆ رزگاریی گیانیان هەوڵ بدەن.

بە گوێرەی ئەو بەیاننامەیە کە لە ماڵپەڕی هەواڵنێرانی بێسنوور دا بڵاو کراوەتەوە، زۆربەی رۆژنامەنووسان و وێبنووسەکانی بەندکراو دوای چەند مانگ زیندانیکرانی سەرەڕۆیانە و گواستنەوەیان بۆ ژووره تاکەکەسییەکان لە بواری دەروونی و جەستەیی دا لە بارودۆخێکی نالەبار دان.

ئەو رێکخراوە رایگەیاندوە کە ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانی وەك "محەممەد سەدیقی کەبوودوەند"، "عیمادەدینی باقی"، "بەدروسسادات موفیدی" و "مێهدی مەحمودیان" بە توندی نەخۆشن و پێویستیی خێرایان بە چارەسەریی پزیشکیی هەیە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور، ئاماژەی بە بارودۆخی تەندروستیی محەممەد سەدیقی کەبودوەند کردوە کە تا ئێستا چەند جار تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆر بووە و بەرپرسانی قەزایی و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی دانی مورەخەسی بە ناوبراویان قبووڵ نەکردوە.

## ئۆباما: لە بەرامبەر ئێران دا هیچ بژێرەیەکمان وەلا نەناوە



باراك ئۆباما، سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دوای وتووێژێکی تەلەفوونی لەگەڵ هۆجین تائۆ سەرکۆماری چین رایگەیاند کە لە بەرامبەر ئێران دا هەموو بژێرەکان لە ئەجیندای سیاسیی ئەمریکا دا هەیە و هیچ کامیان وەلا نەنراوە.

ئۆباما هەروەها وتی کە داوای لە چین کردوە پشتیوانی لە رۆژئاوا بۆ فشار خستنە سەر ئێران بکا و هۆجین تائۆ رازی بووە کە لە دانیشتنی وڵاتانی ١ + ٥ سەبارەت بە گەمارۆ خستنە سەر ئێران بەشداری بکا. سەرکۆماری ئەمریکا لە درێژەی لێدوانەکەی دا بۆ کاناڵی تەلەفیزیۆنیی "سی بی ئێس" هەر لە پێوەندی لەگەڵ سوور بوونی ئەمریکا بۆ فشار خستنە سەر ئێران رایگەیاند: من پێشتریش وتبووم کە لە هەموو رێگاکان بۆ فشار خستنە سەر ئێران کەڵك وەردەگرین، بەڵام ئێمە ئەو کارە بە هاوکاری و هاوڕایی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکەین. چونکە ئەگەر بێتوو ئێران دەستی بە چەکی ناوکی رابگا، ئاسایشی ناوچەکەو جیهان بە گشتی دەخاتە مەترسییەوە.

## ئەمساڵ کرێکاران و کارمەندەکان دەبنە قوربانیی سەرەکیی هەڵاوسانی ئابووری لە ئێران دا

عەلیرەزا مەحجوب سکرتێری "خانە کارگر" رایگەیاند کە بە پێی بەراوردەکان لە ساڵی ١٣٨٩ دا کرێکاران و کارمەنـدان بە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی هەڵاوسانی ئابووری دەبنە قوربانیی سەرەکی و بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان زیاترین فشاریان دەکەوێتە سەر.

ناوبراو هەر لەو پێوەندییەدا رایگەیاند ئەگەر بهاتبا پارلمان گەڵاڵەی ٤٠ ملیارد تمەنیی دەوڵەتی بۆ "مەبەستدار کردنی سوبسیدەکان"ی پەسەند بکردبایە، هەڵاوسانی ئابووریی دەگەیشتە ئاستێك کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەردەچوو.

شایانی باسە بەشێکی زۆر لە کارناسانی ئابووری ئێران پێیان وایە کە سیاسەتە پووڵییەکانی دەوڵەت لە ساڵی ١٣٨٩دا دەبێتە هۆی هەڵاوسانێکی ئابووریی بێ وێنە لە ئێران دا. کارناسان هەروەها پێش بینی دەکەن کە رێژەی هەڵاوسانی ئابووری ئەمساڵ بگاتە ٥٠ تا ٦٠ لە سەد کە لەو حاڵەتەدا فشارێکی ئابووری زۆر دەکەوێتە سەر زۆرینەی خەڵکی ئێران

## رێژەی تەڵاق لە سنەو کرماشان لە ئاستێکی مەترسیدار دایە

بوشێهر لە ساڵی رابردوودا زیاترین رێژەی تەڵاقیان تێدا تۆمار کراوە، بە چەشنێك کە رێژەی تەڵاق لەو پارێزگایانەدا گەیشتۆنەتە ئاستێکی مەترسیدار.

ناوبراو هەروەها رایگەیاند کە زیاتر لە نیوەی جیابوونەوەکان لە نێو ئەو ژن و مێردانە دایە کە کەمتر لە ٥ ساڵە ژیانی هاوبەشیان پێك هێناوە.

ئەگەرچی بەرپرسی ناوەندی "آینده نگری ایران" هۆکاری پەرەسەندنی رێژەی تەڵاق زیاتر بۆ هەڵەکردنی لاوەکان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا دەگێڕێتەوە، بەڵام زۆربەی کارناسانی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەو باوەڕەن کە پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکی لە بەرز بوونەوەی رێژەی تەڵاق لە ئێران و کوردستان دان.



پارێزگاکانی سنەو کرمانشان لە ریزی ئەو ٥ پارێزگایەی ئێران دان کە زیاترین رێژەی تەڵاق و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزانەکانیان تێدایە.

رامین ناسح بەرپرسی ناوەندی "آینده نگری ایران" رایگەیاند کە بە پێی دوایین ئامارەکان پارێزگاکانی تاران، کرماشان، سنە، ئەراك و

راگەیەندراو:

# مەرگی ناوەختی هاوڕێیەکی پێشمەرگە لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا



بە ئاگاداریی میدیاکان و بیرورای گشتیی دەگەیەنین کە دوانیوەڕۆی یەکشەممە ٨ی خاکەلێوە، هاوڕێی پێشمەرگە سەلاح عەلی ئەولاد ناسراو بە سەلاح باوەجانی، لە چەند کیلومیتریی شاری کۆیە، لە تەنیشت ئاوایی هەرمۆتە، بەهۆی لافاو گیانی لە دەست دا.

کاک سەلاح عەلی ئەولاد کە لە بەشی خەدەماتی حیزب، کاری شۆفیریی دەکرد، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە لە کاتێدا بە ماشێن لە ئاو دەپەڕیتەوە، دەکەونە بەر تەوژمی لافاوەکەو ماشێنەکەیان وەردەگەڕێ. نەفەری دووهەم لە مەرگ دەربازی دەبێ. بەڵام بەداخەوە لافاو گیانی هاوڕێ سەلاح دەستێنێ و تەرمەکەشی لەگەڵ خۆی دا دەبا، کە دیارە تەرمەکەی بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر، چەند کیلومیتر دوور لە شوێنی ڕووداو دۆزرایەوە.

سەلاح عەلی ئەولاد، ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی خەڵکی سەلاسی باوەجانی لە دایك ببوو. تا پۆلی ٢ی ناوەندی خوێندبوو. ساڵی ١٣٨٦ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا لە ناوەندی یەك کومیتەی ئەمنییەت و بەشی خەدەمات کاروباری حیزبیی بەڕێوەبرد.

سەلاح عەلی ئەولاد پێشمەرگەیەکی بە بیروباوەڕ، بە نەزم و ئەرکناس بوو. کارو ئەرکی پێ سپێردراوی خۆی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بەڕێوە دەبرد. هەڵسووکەوتی لەگەڵ هاوڕێیانی و لەگەڵ خەڵك دا جوان و ژیرانە بوو. هەربۆیە ببووە خۆشەویست و جێگای ڕێزی هەموو هاوڕێیانی.

مەرگی ناوەختی هاوڕێ سەلاح عەلی ئەولاد، بووە مایەی خەم و پەژارەی تێکڕای تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە هاودەردی و سەرەخۆشیی قووڵی خۆی بە بنەماڵەی هاوڕێی جوانەمەرگ سەلاح عەلی ئەولاد، خەڵکی سەلاسی باوەجانی و تێکڕای تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب رادەگەیەنێ.

بەرێز بێ یادی هاوڕێی بەنرخ سەلاح عەلی ئەولاد.

**ناوەندی راگەیاندنی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٣٨٩/١/٩**

**٢٠١٠/٣/٢٩**

# دیداری سکرتێری گشتیی حیزب

# لەگەڵ سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی بلژیک

**بلژیک:**

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی مانگی مارس بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خانمی سارا تورین سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی بلژیک لە دەفتەری حیزبی سەوزەکانی بلژیک لە بروکسێل دیدارێکیان پێکهێنا. لەم دیدارەدا بەرێز عەزیزی وێڕای باسێکی کورت لەسەر حدک و روانگەکانی لە بارەی دێموکراسی و کورد و ئێران، ئاماژەی بە پێوەندیی نێوان دوو حیزب و ئەزموونی ولاتی بلژیک لە فیدرالیزم و بەرێوەچوونی سیستمی پلورالیستی لەم وڵاتەدا و پێویستیی خوێندنەوە و گونجاندنی رەنگاورەنگیەکان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا کرد. بەرێزیان لە درێژەدا ئاماژەی بە کێشەی ناوکی، مافی مرۆڤ، ژینگە لە ئێران و رۆڵی ژنان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران و خەبات بۆ یەکسانیدا کرد. خانمی سارا تورینیش وێڕای بەخێرهاتنی بەرێز عەزیزی وتی کە خۆشحاڵین بە ناسین و ئاشنایی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. ناوبراو، وێرای تەئکید لەسەر مەسەلەی مافی مرۆڤ و گرینگیی کێشەی دێموکراسی لە ئێران بۆ حیزبی سەوزەکانی بلژیک، تەئکیدی کرد کە هەول دەدەین بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەت و خەلکی ئێران لە روانینی گشتیی خەڵکانی ئورووپادا، بۆیە بوونی پێوەندی نێوان سیاسەتوانانی ئێرانی و ئەحزاب و NGO کان و حیزبی سەوزەکان بە لای ئێمەوە جێی بایەخە. لە هاوکارییەکی هەمەلایەنەدا ، پێویستە لە دانی زانیاری بە بیرورای گشتیدا چالاک بین.



شایانی باسە کە هاورێ کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکێتیی ئورووپا و ئاغای ئەنوەر میرسەتتاری چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی سەوزەکان هاورێی بەرێز عەزیزی لەم دیدارەدا بوون.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پرسە بۆ سەلاح عەلی ئەولاد لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە بنەماڵەکانی کەمپەکانی حیزبی دێموکڕات و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە ساڵۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکرات دا ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی بەبۆنەی مەرگی هاوڕێ سەلاح عەلی ئەولاد بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا یاد و بیرەوەریی پیشمەرگەی ئەرکناس و فیداکار، سەلاح عەلی ئەولاد بەرز ڕاگیرا و ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی ئەو رۆڵە فیداکار و جوانەمەرگەی حیزب و گەل درایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا سەرەتا کاک هاشم عەزیزی، بەرپرسی ئورگانی خەدەماتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کورتەیەک لە ژیاننامەی سەلاح عەلی ئەولادی پێشکێش بە بەشداران کردو لە سەر ئەرک وەخۆگری و ماندوویی نەناسیی ئەو ئازیزە کۆچکردوویە بۆ بەشداران دوا.

دواتر ئاسۆ خەبات، لاوی خاوەن هەست و هاوڕێی نیزیکی سەلاح عەلی ئەولاد، قەسیدەیەکی بە سۆز و پڕهەستی لە ماتەمینیی لە دەستدانی هاورێکەی دا خوێندەوە.

پاشان کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتەیەکی کورت دا وێڕای وەبیرهێنانەوەی کۆمەڵێک ئەخلاق و ڕەوشتی بەرزی سەلاح عەلی ئەولاد، پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئاراستەی بنەماڵەی ناوبراو و کەسوکاری سەلاح عەلی ئەولاد و هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبە ت شاری سەلاسی باوجانی کرد شایانی باسە کە سەلاح عەلی ئەولاد، دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٨ ی خاکەلێوە لە ڕووداوێکی دڵتەزێنی هەستانی لافاودا گیانی لە دەست دا و تەرمەکەی بەیانیی ڕۆژی دووشەممە چەند کیلۆمیترێک دوورتر لە شوێنی ڕووداوەکە دۆزرایەوە و لە نێو کۆڕی یارانی دا بە باوەشی خاکی نیشتمان سپێردرا.

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپا کۆ بۆوە

ناوەندی هەواڵ- بلژیک: ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی مارسی ٢٠١٠سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەل جێگری سەرۆکی پارلمانی ئوروپا لە بروکسێل دیدارێکیان پێکهێنا. لەم دیدارەدا بەرێز خالید عەزیزی سەرەتا وێرای کورتە باسێک لەسەر حیزبی دێموکرات، باسێکی چڕ و پڕی لەسەر کورد و ئێران و کێشەی ئازادیخوازی و دێموکراسی لە ئێران هێنایە بەرباس. بەرێز عەزیزی وێرای ئاماژە بە مەبەستی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەوڵەکانی بۆ پیتاندن ئورانیوم و پێداگری لە سەر تێکنۆلۆژیی ناوکی، تەئکیدی کرد کە نابێ کێشەی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێران لە لایەن پارڵمانی ئورووپا و وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئورووپا دا بۆ کێشەی ناوکی لە پەراوێز بخرێت. بەرێزیان وێرای مەحکووم کردنی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی، ئاماژەی بەوەکرد کە کۆماری ئیسلامی ئیستیعدادی ماملە و پێداچوونەوەی بە سیاسەتەکانی لە بواری ئابووری و تەنانەت کێشەی ناوکیدا هەیە، بەڵام رژیمی ئێران هیچکات ناتوانێ لەسەر مەسەی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا بکەوێتە گفتوگۆوە چوونکە پاشنەی ئاشیل( خالی لاوازی) رژیم دێموکراسی و مافی مرۆڤە و ئەم بەشەش چارەنووسی رژیم یەکلا دەکاتەوە.

بەرێز عەزیزی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژە بە بزووتنەوەی دێموکراتیکی ئەم چەند مانگەی رابردوو کرد و پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە بزووتنەوەی دێموکراتیکی خەڵک و هاتنەئارای گۆرانکاری و چوونەپێشی چەرخی دێمۆکراتیزەکردنی وڵاتی ئێران کرد.



هەر وەها ئاماژەی بە رۆڵی پێشەنگی ژنان لە بزووتنەوەی ئێستاکەدا و هەڵوێستی رژیم لە سی ساڵی رابردوودا بەرامبەر ژنان و مافەکانیان کرد. لە کۆتاییدا بەرێز عەزیزی ئاماژەی بە هەلسوکەوتی رژێم بەرامبەر بە گەلی کورد لە روانگەی ئەمنییەتی و سیاسی لە سی ساڵی رابردوودا و براندنەوەی حوکمی ئێعدام بۆ ٢١ چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد و ئێعدامی دوو لاوی کورد بە ناوەکانی ئیحسان فەتتاحیان و فەسیح یاسەمەنی لە چەند مانگی رابردوواکرد. خانمی ئێزابێل دوورانت جێگری سەرۆکی پارڵمانی ئورووپاش وێرای دەربرینی خۆشحاڵیی خۆی بۆ دیدار لەگەڵ بەرێز خالید عەزیزی، وتی کە ئێمەش هاوڕاتانین کە لە ئێراندا تەنیا کێشەی ناوکی نیە و کێشەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤیش لە ئارادا هەیە و دەبی زیاتر هەوڵ بدەین بۆ بە قەناعەت گەیاندنی وڵاتانی ئوروپایی بۆ هێنانە گۆڕی کێشەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لە تەعامولات و پێوەندییەکانیاندا. هەر بەو ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە هاوکاریی هەمەلایەنە هەیە و خۆشحاڵین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بوارەدا ئامادەیە هاوکاریمان بکات. بەرێز دورانت هەروەها ئاماژەی بە رێگەنەدانی کۆماری ئیسلامی بە هەیئەتی پارڵمانی ئورووپا بۆ سەردانی ئێران کرد و هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین کە دیدار و چاوپێکەوتن و دیدارەکانمان لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران زیاتر بکەین و پێشوازی لە هەوڵەکانتان دەکەین بۆ دانی زانیاری بە لێژنەی پارڵمانی ئوروپا لەسەر ئێران.

شایانی باسە کە لەم دیدارەدا کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکێتیی ئورووپا، سامان ئاراستەفەر ئەندامی کومیتەی بلژیک، انور میرستاری چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی سەوزەکانی بلژیک هاورێی بەرێز کاک خالید عەزیزی بوون و ئەم دیدارە لە ئۆفیسی خانمی ئیزابێل دورانت لە پارڵمانی ئوروپا لە بروکسێل بەرێوەچوو.

درێژەی:

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمە کە بە سروودی " ئەی شەهیدان" و دەقیقەیەک وەستان بە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێ کرد.

دواتر کاک محەمەد رەسوڵ حەسەنپوور، بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە بۆ بەشداران دوا. دەقی وتاری بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی بەشێک لە بنەماڵە شەهیدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کامیل ئوستاد ئەحمەدییەوە خوێندرایەوە. خوێندنەوەی پارچە شێعرێک لە لایەن نادر قازی، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەخشانە شێعری قادر بەشدار، شاعیری هەست ناسکی خەڵکی کۆیە، مەقامێکی بە سۆز بە دەنگی سەرکەوت مرادی، خوێندنەوەی دوو پارچە هەڵبەست لە لایەن مامۆستا بێبەش و ئاسۆ خەبات و غەزەلە مەقامێک بە دەنگی حەبیب قادری چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیە بوون.

لە دوایی بەشی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەشداران سەردانی پیشانگای وێنەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد کە بە وێنەی زیاتر لە ٥٠٠٠ شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان رازابۆوە

## دیداری بەڕێز خالید عەزیزی لەگەل سیناتۆر ئەلکە تیندەمانس لە پارلمانی بلژیک

بلژیک: رۆژی هەینی ریکەوتی ٢٦ی مارسی ٢٠١٠ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەل "ئەلکە تیندەمانس" (Elke Tindemans) سیناتوری دێموکرات مەسیحیی بلژیکی کۆبۆوە. لەم دیدارەدا بەڕێز عەزیزی وێرای کورتەباسێک لەسەر حیزبی دێموکرات و خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەرەواکانی، ئاماژەی بە مێژووی دوو گەلی فلامی و کورد کرد کە کورد بە گشتی و حدک بە تایبەتی دەتوانێ لە تەجروبەی گەلی " فلامی" بۆ گەیشتن بە ستاتووی رەوا و شیاوی خۆی لە ئورووپا و بلژیکدا کەڵک وەرگرێ. هەر بۆیە حیزبی دێموکرات سرنجی تایبەتی دەداتە ئەو وڵاتانەی لەسەر ئەساسی سیستەمێکی پلوڕال ئیدارە دەکرێن و یەک لەوانیش بلژیک. لە درێژەی



دانیشتنەکەدا بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات ئاماژەی بە گۆڕانکاری ئەم دوایانەی ئێران و بزووتنەوەی کەسک و رۆلی خوێندکاران و ژنان لەم بزووتنەوەیەدا کرد.

بەرێز سێناتۆر ئەلکە تیندەمانس وێڕای بەخێرهاتنی بەڕێز عەزیزی بۆ بلژیک دیدار و بوونی پێوەندیی نێوان دوو حیزبی دێموکرات مەسیحیی بلژیک و حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە پێوەندییەکی بە کەڵک ناوبرد و وتی کە ئێمە بۆ ئاگاداریی هەرچی زیاتر لەسەر رژیمی ئێران پێویستە پێوەندی و دیالۆگمان لەگەڵ چالاکانی سیاسی و و مافی مرۆڤ و ئەحزابی ئێرانی زیاتر بکەین. لە درێژەدا سێناتۆر تیندەمانس لە روانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بە بزووتنەی کەسک پرسیاری کرد کە بەڕێز عەزیزی روانگەی حیزبی دێموکراتی شی کردەوە. سێناتۆر تیندەمانس بوونی ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی بە فاکتۆرێکی گرنگ زانی و هیوای خواست کە هەموو خەڵکی ئێران بتوانن بە کەمترین هەزینە بە مافەرەواکانی خۆیان بگەن. لە کۆتاییدا هەردوولا تەئکیدیان لەسەر پێوەندی دوولایەنە کردەوە.

هاورێ کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکێتیی ئورووپا لەم دیدارەدا بەشداربوون.

شیاوی باسە کە حیزبی دێموکراتی مەسیحیی بلژیک حیزبی دەستەلاتدارە و سەرۆک وەزیرانی بلژیک و سەرۆک (پریزیدێنت) ی ئورووپا لە حیزبی ناوبراون.

## پێشگرتن بە بەرێوەچوونی رێورەسمی پرسەی جوانەمەرگ "سەلاح عەلی ئەولاد" لە سەلاسی باوەجانی

هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی پێشیان بە بەرێوەچوونی رێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی هاورێی جوانەمەرگ "سەلاح عەلی ئەولاد" لە شاری سەلاسی باوەجانی گرتوە.

. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن هەرێمی بێستوونی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە پێمان گەیشتوە ، هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی پێشیان بە بەرێوەچوونی رێورەسمی پرسە و سەرەخۆشی جوانەمەرگ " سەلاح عەلی ئەولاد " گرتوە و ئەو هێزانە نەیانهێشت کە بنەماڵەی عەلی ئەولاد لە مزگەوتی شار ئەو رێورەسمە بەرێوە بەرن.


بە پێی سەرچاوەی ئەم هەواڵە ، خەڵکی سەلاس بۆ هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی سەلاح عەلی ئەولاد ، روویان لە ماڵەکەیان کردوە و لەگەڵ ئەوەکە هێزە حکوومەتییەکان گەمارۆیان خستبووە سەر ئەو بنەماڵەیە ، بەلام خەڵک بەردەوام سەردانی ئەو بنەماڵەیەیان کردووە.

بەم بۆنەیەوە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان رایگەیاندوە کە ، سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بەو کەسانە دەکا کە بە بێ گوێدان بە بەربەستەکانی رێژیم سەردانی بنەماڵەی شەهید "سەلاح عەلی ئەولاد"یان کردوە و سەرەخۆشیان لێ کردوون.

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ کۆ بۆوە

ناوەندی هەواڵ - نۆروێژ: لە زنجیرە چاوپێکەوتنێک دا کە رۆژانی ١٧ و ١٨ی مارس لە پارلمانی نۆروێژ بەرێوە چوو، رێزدار خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ بەرپرسانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ و ئەندامانی سەر بەو حیزبە لە پارلمانی نۆرویژ کۆبۆوە.

حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ کە یارمەتیدەری سەرەکی بوو بۆ پێکهێنانی ئەو سمینارەی کە رۆژی ١٧ی مارس لە لایەن رێکخراوی دژی رەگەزپەرستی "س،و،س راسیسمە" و کەمپینی بە



جیهانیکردنی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان لە پارلمانی نۆرویژ بۆ رێزدار عەزیزی و چەند کەسایەتیی دیکەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان رێکخرا، لە دوو دانیشتنی جیاواز دا بیرورای خۆیان لە گەڵ سکرتێری گشتیی حیزب گۆڕیەوە و باسەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان تاوتوێ کرد.

کۆبوونەوەی یەکەم کاتژمێر ١٦.٤٥ی رۆژی چوارشەمە ١٧ی مارس سەعات لە پارلمانی نۆروێژ پێکهات کە تێیدا وێڕای کاک کەریم ئەڵلاوەیسی لە رێکخراوی س.و.س راسیسمە، هاورێیان کوێستان گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و سەیران مەعروفی بەرپرسی پێوەندی لە گەڵ لایەنە نۆروێژیەکان لە کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاورێیەتیی سکرتێری گشتیی حیزبیان کرد.

ئەم کۆبوونەوەیە لە سەر داوای لایەنی نۆروێژی لە سەر پرسەکانی پێوەندیدار بە روژهەلاتی کوردستان و ئێران و وەزعیەتی کورد و ئاستەنگەکانی سەرریگای خەباتی کورد و کۆمەڵیک باسی تایبەت بە سمیناری پارلەمانی نورویژ رێکخرابوو.

بەریز عەزیزی باسێکی کورت و پوختی لە سەر بارودۆخی کورد بە گشتی و کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە تایبەتی باس کرد و سەرنجی بەرپرسانی حیزبی سوسالیستی چەپی نۆروێژی بۆ سەر کێشە و ئاستەنگەکانی سەر رێگای گەلی کورد لە ئێران راکێشا. رۆژی پێنج شەممە، ١٨ی مارس کۆبوونەوەی دووهەمی وەفدی حیزب بە سەرۆکایەتی کاک خالید عەزیزی لە گەڵ وەفدی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ لە پارلمانی ئەو وڵاتە بەرێوە چوو. لە حیزبی سوسیالیست هەر یەک لە "ران‌وی" ئەندام پارلەمان، "یرموند سکار" بەرپرسی رۆژهەلاتی نێوەراستی سوسیالیستی چەپ، وتروند واتنە بەرپرسی کۆمۆنی سشمووی ئەو حیزبە کە لە کۆبوونەوەی رۆژی یەکەمیش دا بەشدار بوون، وێڕای "بورد ویگاردسولیل" سەرۆکی پارلەمانتارانی حیزبی سوسیالیستی چەپ لە پارلەمانی نورویژ و ئەندامێکی دیکەی سەر بەو حیزبە لە پارلمانی نۆروێژ وەفدی لایەنی خانەخوێیان پێکدێنا.

لەو کوبونەوەیەدا لەلایەن بەرپرسانی SV لەسەر پرسی کورد بەگشتی و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی و بارودۆخی ئێران بە تایبەت پاش هەلبژاردنی سەرۆککۆماری و هاوکاریی کورد و بزووتنەوەی سەوز و کێشەی جناحەکانی ریژیم پرسیارکرا. هاوری کاک خالید سکرتیری گشتی حیزب وڵامی پێویستی بە پرسیارەکان دایەوە و پاشان روو بە وەفدی خانەخوێ پرسیاری کرد کە ئاخۆ پارلمانتاران و ریبەرانی حیزب سوسیالیستی چەپ بە کردەوە دەیانهەوێ چ بۆ کورد بە گشتی و بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بکەن. سەرۆکی فراکسیۆنی پارلمانتارانی SV، بۆردویگارد لە ولا مدا ئاشکرای کرد کە ئەوان وەک ئەندام پارلەمانەکانی SV گرۆپی کوردی لە پارلەمان بۆ مەسەلەی کورد پێک دێنن و راشیگەیاند کە لە حیزبەکەیان دا وەک لە کوبوونەوەی سالانەی خۆیان لە ٢٠٠٩ دا بریاریان داوە کار بۆ ئەوە دەکەن کە دولەتی نۆروێژ جینوساید بە فەرمی بناسێ و لەم پێوەندیەدا ئارخەیانی دا کە لە هەولەکانی خۆیان بۆ ئەو کارە گرینگە بەردەوام دەبن. سەرۆکی فراکسیونی پارلمانتارانی SV لە کوتایی دا گووتی پێمان خۆشە کە پیوەندیی نیوان کورد و نۆروێژ بە گشتی و حیزبی سوسیالیستی چەپ و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی بەردەوام بێ.

کوبوونەوە پاش ٢ کاتژمێر لە سەعات ١٠ بەیانی کوتایی هات. لە کوبوونەوەی دووهەم دا بەڕێزان کەریم ئەللاوەیسی چالاک لە حیزبی سوسیالیستی چەپ و ریکخراوی دژی رەگەزپەرستی س،و،س راسیسمە و بەڕێز سەیران مەعروفی بەرپرسی پێوەندییە نورویژییەکان لە کومیتە نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداری کوبوونەوە بوون.

## سکرتێری گشتیی حیزب لە گەڵ نوێنەرانی حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆ بۆوە

نۆروێژ: کاتژمێر شەش‌و نیوی ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە، ١٨ی مارسی ٢٠١٠ی زایینی، ئێوارە خوانێک لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ بۆ هاورێی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و نوێنەرانی سەرجەم حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌و مەدەنییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهات. سەرەتا لەلایەن هاورێ رەزا ئەمینی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ بەخێرهاتنی میوانان کراو سەبارەت بە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بۆ بەشداران قسە کرا.



دوای نان خواردنی ئێوارە، کاک خالید عەزیزی سەرەتا بەخێرهاتنی میوانانی کردو وتی بۆ من جێگای گەلێک خۆشحالّییە کە لە ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆروێژ ئەو دەرفەتە رەخساوە تا لە نزیکەوە سەبارەت بە هەلوێستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەسەر ئێران‌و کوردستان لەگەڵ ئێوە بەڕێزان، نوێنەرانی حیزب‌و رێکخراوە سیاسییەکان بدوێم. عەزیزی سەبارەت بە مەسەلەی کورد بە گشتی، وتی: پێمانوایە کولتوورو شعووری نەتەوەیی لە سەرانسەری کوردستان پێشڤەچوونێکی زۆر باشی بە خۆیەوە بینیوەو دەبێ رێکخراوەکانی هەر پارچەیەک لە دەرفەتەکان بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی ئەو بەشەی نەتەوەکەمان ئەوپەڕی کەڵک وەربگرن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەبارەت بە رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی سەروک کۆماریی ئێران لە جۆزەردانی رابردوودا وتی: ئێمە هەوڵماندا کورد نەکەوێتە پەراوێزەوەو کورد بتوانێ جموجۆڵێک بخاتە مەسەلەکەوەو هەروەک دەبینین دوای هەڵبژاردنیش بزاڤێک بەناوی بزووتنەوەی سەوز وەرێکەوتوەو تا ئێستاش ئەو بزووتنەوەیە هەر چالاکەو رێژیم هەوڵدەدا سەرکوتی بکا، بەڵام نەیتوانیوەو رۆژ بە رۆژیش پەرە دەستێنێ. ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ رێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە پەیوەندیی بگرین‌و لەسەر مەسەلەی کوردو ئامانجەکانی کورد لە ئێراندا ئاگاداریان بکەین تا لە کێشەکانمان تێبگەن، بۆ ئەوەی لە ئێرانی داهاتوودا ئەو جووڵانەوەیە بە زانیارییەوە لەسەر کێشەی کورد مامەڵە بکا.

تەوەرێکی دیکەی قسەکانی عەزیزی بۆ باس لەسەر کێشەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی تەرخان کرابووو لەم بارەوە وتی: ئێمە لە پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ دنیای دەرەوە داکۆکی لەوە دەکەین کە کۆماری ئیسلامییەکی پۆشتەو پەرداخ بە چەکی ئەتۆمی، مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر ئاشتی‌و ئارامیی جیهان. خالید عەزیزی سەبارەت بە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان وتی: ئێمە سەرەتا دەبێ خەسارەکانی مەسەلەی لەتبوونی حیزبەکان کەم بکەینەوە، چونکە ئەو کێشەیە پەیوەندییەکانی کوردی لە دەرەوەی کوردستان لاواز کردوەو ئێمە دەبێ ئەو خەسارە کەم بکەینەوە.

لە کۆتایی قسەکانی دا، هاورێ عەزیزی رایگەیاند کە بە خۆشبینییەکی زۆرە دەروانێتە نەورۆزو ساڵی نوێ‌و وتی: لە سەرەتای بەهارو نەورۆزی کوردان‌دا هەموو حیزبە سیاسییەکان پەیامێکیان بۆ خەڵکی کوردستان هەبێ کە ساڵی نوێ ساڵی پتەو کردنی پەیوەندییەکان‌و هاوخەباتی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکانمان بێ. دوابەدوای تەواو بوونی قسەکانی کاک خالید، بەشدارانی کۆبوونەوەکە چەندین پرسیاریان سەبارەت بە باسەکە هێنایە گۆڕێ کە لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وەڵامی پێویستیان درایەوە. دوای چوار کاتژمێر باس و دیالۆگی داهێنەر، کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات.

# وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز خالید عەزیزی

# لە پارلمانی نۆروێژ



سەرەتا سەبارەت بە پێکهێنانی ئەو سمینارە زۆر سوپاستان دەکەم، هەروەها سپاستان دەکەم کە منیشتان بۆ ئەم سمینارە بانگهێشت کردوە. من زۆر خۆشحاڵم کە لە پارلمانی نۆروێژم، پارلمانی وڵاتێک کە بە وڵاتی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بەناوبانگە، ئەو وڵاتەی کە شانازیی ئەوەی پێبرا کە رێککەوتننامەی ئاشتیی ئیسرائیلو فەلەستینیەکان، کە بە رێککەوتننامەی ئۆسلۆ ناسراوە، وەرێبخات.

دیارە ئەم سمینارە سەبارەت بە ژێنۆسایدو کێشەی کورد پێکهاتوە، بۆیە من وەک کەسایەتییەکی سیاسی کە سەرو کارم لە گەڵ مەسائیلی ئێرانو کوردستانی ئێران هەیە تێدەکۆشم کە باسەکەشم زۆرتر سەبارەت بە ئێرانو کوردستانی ئێران بێ.

مەسەلەی ژێنۆساید واباشە بۆ مێژونووسانو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بمێنێتەوەو هەرگیز لەبیر نەکرێن. لە سەرتاسەری جیهان دا، ژێنۆساید پێوەندیی بە ئینسانیییەتو ئینسان هەیە، کاتێک لە سەردەمی نوێ دا مادام دەوڵەتان دەسەڵاتو شەرعییەت لە خەڵک وەردەگرن، دەبێ بەرپرسیار بن بەرامبەر بەکردەوەی خۆیان. کاتێک دەوڵەتانو دەسەڵاتەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن ئیتر ئەوکات ژێنۆساید دووپات نابێتەوە.

مەسەلەی هەڵەبجە، بۆسنیو هۆلۆکاستو ئەو شتانە هەموویان بەرهەمی کێشەو ناکۆکین ، لەو حاڵەتەداو بە تەبیعەتی کێشەکان ئێمە دەبێ لە ریگا چارە بگەڕێین، کێشەی کوردیش لە خانەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا پێناسە دەکرێ، تا ئێستا کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست زۆرتر بە مەسەلەی ئیسرائیلو فەلەستینییەکان پێناسە کراوە، کاتێک ئێمە لە پانتاییەکی گەورەدا چاو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بکەین ئەو وەختە گرفتی گەورەتر هەیە، ئەویش کێشەی کوردە، ئەمن لەو قەناعەتە دا هەم کە چارەسەر کردنی کێشەی فەلەستینو ئیسرائیل یارمەتی بە سوڵحو ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەدا، بەڵام ئەوە چارەسەر کردنی تەواوی کێشەکە نیە، چونکە بەبێ چارەسەر کردنی کێشەی کورد، مەسەلەی سوڵحی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەک پرۆژەیەکی نیوە تەواو هەر دەمێنێتەوە. من لەو باوەڕەدام کە لە سەردەمی بەجیهانیبوونی کێشەکانو ماسمێدیا دا کێشەی کورد وا بەهاسانی بە فەرامۆشی ناسپێردرێو دیزە بە دەرخۆنە ناکرێ.

من دیسان تێدەکۆشم بگەڕێمەوەسەر مەسائیلی ئێران دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا ئێمە وەک کوردو زۆر لایەنی دیکە تێدەکۆشاین کە ناسنامەیەکی سێکۆلارو دێموکراتیک بدەین بە دەسەڵات لە تاران. کوردەکانو حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان تێکۆشاین تا بەڵکوو مافە دێموکراتیکیەکانی خەڵکو مافەکانی ژنانو بنەماکانی مافی مرۆڤ لە یاسادا بگونجێن، بەڵام بەداخەوە مەجالو مەودای کورد بە تەنیا زۆر مەحدوود بوو کە بە ئەندازەی پێویست شکڵ بە دەسەڵات بدا، چەند مانگ دوای شۆرش بەداخەوە سەرەرای هەڵوێستی دیمۆکراتیکو ئاشتیخوازانە، دەسەڵات لە تاران مافەکانی ئێمەی قبووڵ نەکردو بەرەسمی نەیناسین، سەرەرای گفتوگۆو سیاسەتی ئاشتیخوازانەو کارکردن بۆ ئەوەی شەڕمان پێنەفرۆشن، دیسان هێرشیان کردەسەر کوردستان بۆ جارێکی دیکە تەواوی هەوڵو تێکۆشانی ئێمە بۆ بەرگری لە شەڕی نەخوازراو بێئاکام مایەوەو هێرش کرایەسەر کوردستان.

هەر لە سەرەتاوە ئێمەی کورد بۆ بەرگری لە وەرێخرانی شەر هەوڵێکی زۆرمان دا، تەنانەت رێبەرانی کورد لەگەڵ ئایەتوڵلا خومەینی کە ببوو بە رێبەری کۆماری ئیسلامی پێوەندیان گرتو هەڵیان دا کە نەهێلن شەر لە کوردستان دەست پێبکات، کەچی بەداخەوە ئایەتوڵلا خومەینی نەک هەر هەوڵی بۆ چارەسەری کێشەکان نەدا، بەڵکوو بە راگەیاندنی فەرمانی جیهاد، دژی خەڵکی کوردستان راوەستا، لە دژی خەلکێک کە وەک ئەو موسوڵمانن.



لەراستی دا سەرچاوەی بەشی هەرە زۆری قەلاچۆ، کۆمەڵکوژیو ئیعدامەکان دەگەڕێنەوە سەر ئەو قەناعەتەی کە خومەینی لە دژی مەسەلەی دیمۆکراتیکی کورد لە ئێران دروستی کردبوو. بەوجۆرە دەوڵەتی مەرکەزی دەستی ئاواڵە کرابوو لە دژی ئێمە. دوای شۆرش ئێمە هەر لە ئیدامەی سیاسەتی سیویلو دیمۆکراتیکی خۆماندا هەوڵماندا کە بە پەیوەندی لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێران بنەمایەک دروست بکەین کە ئێران نەکەوێتە دەستی توندئاژۆکان، بەڵام دەوڵەتی ئێران سیاسەتی هێرش بۆسەر کوردستانی هەڵبژاردو مەجالی بە لێکحاڵی بوونی ئێمەو خۆیان نەدا، شەڕی چەکداری بەسەر ئێمە دا داسەپا. لە راستیدا سروشتی شەڕی چەکداری کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەسەر ئێمەدا سەپێندرا تەواو دیفاع لەخۆکردن بوو، ئێمە نە ئەوکاتو نە ئێستاش لەو باوەڕە دا نین کە کێشە سیاسییەکان لە ریگای نیزامییەوە چارەسەر دەکرێن، ئێمە تێکۆشاوین بەشێوەی جۆراوجۆر لە نێوخۆی ئێرانو دەرەوەی ئێران زەخت و فشار بخەینە سەر رێژیم کە واز لە کردەوەی نیزامی بێنێ، بەڵام بێوەڵام ماوینەوە، سەرەرای هەمووی ئەوانە ئێمە دیسانیش سیاسەتی دیالۆگو گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکانمان وەلا نەنا.تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە قانوونی ئەساسیو ئێرانەوە هەیە، ئەو قانوونە لەکاتی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا ئاڵوگۆڕێکی بەسەر دا نەهاتوە. ئەگەر لێرەوە لە پارلمانی نۆروێژ را چاو لە قانوونی ئەساسیی ئیران بکەین دەکرێ بڵێین قانوونی ئەساسی ئێران لەسەر بنەمای هەڵاواردنو وەلانان دانراوە، بۆ وێنە کوردێک ناتوانێ ببێ بە سەرۆک کۆمار. هەر ئەو قانوونی ئەساسییە مەنعی کردوە کە ژنێک ببێ بە سەرۆک کۆمار . قانوونی ئەساسیی ئێران لەجیاتی دروستکردنی مەجال بۆ بەیەکەوە ژیان، بەپێچەوانە سەرچاوەی کێشەو ناکۆکییە. لە خانەی ئەگەری کۆمەڵکوژیو ئێعدامیشدا ئەو قانوونی ئەساسییە کە بەرهەمی سەردەمی خومەینییە دەستی حکوومەتی بۆ هەموو کارێکی دژی ئینسانی ئاواڵە کردوە.

لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوچەیەکی پڕکێشەیەو ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەمەزهەبە، ئەگەر بنەماکانی مافی مرۆڤو دیمۆکراسی بەهێز نەبنو بەمجۆرە نەبن بە فاکتۆرێک لە مەیدانی سیاسیی ئێران، ئێمە دەبێ چاوەڕوانی زۆر شت بکەین، زۆر ئاساییە کە لە وڵاتانی ئوروپای ئازادو ئەمریکای دیمۆکراتیک کە قانوونو دیمۆکراسیو ماف نەهادینە بووە، شتێک بەناوی ژێنۆسایدو ئێعدام روونەدا، بەڵام ئەو مەترسییە ئێستاو لە داهاتووی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەر هەیە .هەر ئێستا جموجۆڵو خەباتێکی بەربڵاو لە ئێراندا لە گۆڕێدایەو خەڵک رایانگەیاندوە کە ئەو رێژیمەیان ناوێ. ئێمە وەک کورد تێدەکۆشین کە لایەنی دیمۆکراسیو مافخوازیی ئەم جووڵانەوەیە بەهێز بکەینو پێیان بڵێین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا نەیتوانیوە کێشەی کورد چارەسەر بکا، ئەوە ئەرکی ئێوەیە کەبە شەهامەتەوە باسی دیمۆکراسی، مافخوازیو مەسەلەکانی دیکە بکەن. تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە کێشەی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە، ئێران تێدەکۆشێ لەو بابەتە وەک کارتێک کەڵک وەرگرێ. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ئەو کێشەیە تەواویش بێ، کێشەی سەرەکیی ئێران کە دیمۆکراسیو مافی مرۆڤە هەر لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە، چونکە پاشەکشەی ئێران لە کێشە ئەتۆمییەکەی بەمانای ئەوە نیە کە رێژیمی ئێران عاقڵ بووەو گۆڕانی بەسەر دا هاتوە. بۆیە پێمانوایە کە ئەرکی ئێوە وەک پارلمانی نۆروێژ ئەوەیە کە بەشێوەی جۆراوجۆرو یەک لەوان بەهۆی یەکیەتیی ئورووپاوە زەختو فشار لەسەر ئێران رانەگرنو بەو جۆرە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هان بدەن کە مەسەلەی مافی مرۆڤو دیمۆکراسی لە ئێراندا نەکەوێتە پەراوێز.

لەکۆتایی دا هیوادارو گەشبینم، لەسەردەمێک دا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی فشاری خستۆتەسەر ئێرانو تکنیکی ماسمێدیا لە گەشەو پەرەسەندن دایەو مەسەلەی دیمۆکراسیو مافی مرۆڤ وەک مەوزووعێکی حاشا هەڵنەگر رۆژبەرۆژ پەرەدەستێنێ، چاوەڕوان دەکرێ کە ئێوە لەم بوارەدا زیاتر ئەرک وەخۆ بگرن وزیاتر کاری بۆ بکەن .

زۆر سپاس بۆ ئێوە.

**لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوچەیەکی پڕکێشەیەو ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەمەزهەبە، ئەگەر بنەماکانی مافی مرۆڤو دیمۆکراسی بەهێز نەبنو بەمجۆرە نەبن بە فاکتۆڕێک لە مەیدانی سیاسیی ئێران، ئێمە دەبێ چاوەڕوانی زۆر شت بکەین**

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پارلمانی نۆروێژ پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی وروژاند

رۆژی چوارشەممە، ١٧ی مارس بە دەستپێشخەریی رێکخراوەکانی س. و. س. راسیسمە و کەمپەینی بە جیهانی ناساندنی ژینوساید دژ بە گەلی کورد بە هاوکاریی پەرلمانتارانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ لە پەرلمانی ئەو وڵاتە سمینارێک لە سەر پرسی کورد پێکهات. لەو سمینارەدا کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلمانتارانی نۆروێژی، کەسایەتیە حیزبی و سیاسی و نوێنەرانی رێکخراوە مەدەنیەکان لەو وڵاتە، نوێنەرانی حیزبە کوردیەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و کەسایەتیەکانی کوردی نیشتەجێی وڵاتی نۆروێژ پێکهات، هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وتارێکی پڕنێوەرۆکی لە بابەت پرسی کورد بە گشتی و بارودۆخی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، بە زمانی ئینگلیسی پێشکەش کرد.

سمینار لە کاتژمێر ١٧.٣٠ی ئێوارە بە وتاری بەخێرهێنانی بەشداران لە لایەن بوورد ویگارسوولیل سەرۆکی فراکسیونی حیزبی سوسیالیستی چەپ لە پارلەمانی نورویژ کە سەرجەم ١١ ئەندام پارلەمانن، دەستی پێکرد. ئەم

جاربەرێوەبەری سمینار یرموند سکار، بەرپرسی کاروباری رۆژهەڵاتیناوەراست

لە حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ، ویرای رێز و بەخێرهاتنی بەشداران، بەشێک لە بەرنامەکانی کاری سمینارەکەی راگەیاند.

مورتن هۆلتر" لێکولەری نورویژی و شارەزا لە کاروباری رۆژهەلاتی ناوەراست وەک یەکەم وتاربێژ باسیکی وردو بەنێوەرۆکی لەسەر کورد و کوردستان لە ماوەی ٣٠ خۆلەک دا پێشکەش بە بەشداران کرد. پاشان داوا لە هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا تا وتاری خۆی لە بابەت پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بکا.

رێزدار عەزیزی لە سەرەتای باسەکەیدا سپاس و پێزانینی پێشکەش بە رێکخەرانی سمینارەکە کرد و هاوکات وڵاتی نۆروێژی وەک وڵاتی ئاشتی و پەیامهێنەری ئاشتیخوازی بەناو کرد. پاشان بە کورتی ئاوڕی لە دۆخی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دایەوە و دواتر بە تایبەتی هەڵوەستەی لە سەر بارودۆخی ئێران و کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند وڵاتانی رۆژئاوا دەبێ بزانن کە کێشەی ئێران تەنیا کێشەی دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی نییە. کێشە کوشتاری بە کۆمەڵ و قەتلوعامی گەلانی ئێران، کێشە هەڵاواردنی نەتەوەیی، ئایینی و جنسی و هەروەها ژێر پێنانی یاساکانی مافی مرۆڤە.

بەڕێز عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاوڕی لە سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دژ بە گەلی کورد دایەوە و وتی: لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران دا، ئاغای خومەینی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران نەک هەر ملی بۆ دیالوگ و وتویژ لە گەڵ گەلی کورد رانەکێشا تەنانەت دژ بە کوردان ئیعلامی جیهادی کرد. واتە فەرمانی کوشتاری میللەتێکی خۆی دەرکرد. نەتەوەیەک کە وەک ئەو موسوڵمان و ئێرانی بوون.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا کاک خالید عەزیزی باسی لە هەڵاواردنە جۆراوجۆرەکانی ناو یاسای بنەڕەتیی ئێران کرد و وتی: یاسای ئێران بە جۆرێک دارێژراوە کە ئەگەر کەسێک کوردی سوننی مەزهەب یان ژن بێ، بۆی نییە خۆی بۆ سەرکۆماری بپاڵێوێ.

رێزدار عەزیزی دیالوگ و وتوێژی بە سیاسەتی حیزبەکەی زانی و وتی خەباتی ئێمە لە چوارچێوەی یاسا نێونەتەوەیەکان دایە. لە بەشێکی دیکەی کاری سمیناردا بەرێز عبدول باسیت سیدا پروفسور لە رشتەی جوغرافیا و ماموستای زانستگای ئوپسالای سوئێد باسیکی تیرو تەسەلی لە سەر بارودۆخی کوردەکان لە رۆژئاوی کوردستان (کوردستانی سوریە) و کومەلکوژی و زۆلم و زۆری رێژیمی بەعسی سوریە پێشکەش کرد. بە دوای ئەو دا بەرێز بەنگین یەلدز سەرۆکی گروپی کوردی لە حێزبی ب.ت.پ لە پارلەمانی تورکیە بە وردی لە سەر کوردی باکوری کوردستان و پەنابەرانی کوردی سوریە دوا.

خاتوو فرشتە حەسەن دەرچووی زانستگای لوندی سوئید و لیکولەر لە سەر گیروگرفتەکانی درێژخایەنی رۆحیی کەسو کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان یەکێکی تر لە ئاخێوەرانی سمینارەکە بوو کە بە وردی باسی هەلەبجە و بابەتگەلی گرینگی دیکەی لەو پێوەندیە داکرد.

بەشی کۆتایی سمینار پرسیار و بەشداریی ئامادەبووان لە باسەکان دا بوو کە دواتر لە لایەن هەر یەک لە بەڕێزان خالید عەزیزی، عەبدولباست سیدا، بەنگین یەڵدز و فریشتە حەسەن وڵامی پرسیار و سەرنجەکان درایەوە.

بەرنامەکە بە پێشکردنی گول بە ئاخێوەرانی سمینارەکە کۆتایی هات.

# پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی


# بۆ بنەماڵەی شەهیدان

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

**کەس و کاری گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی!**

١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، جارێکی دیکە ئەم دەرفەتەی پێك هێناوەیە تا لەگەڵ ئێوەو هەموو خەڵکی ئەمەگناس و پێزانی کوردستان، یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی بکەینەوە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە دا، لە سەرانسەر ی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات، یادی ڕووداوی تاڵی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی دەکرێتەوە. ڕێز لە فیداکاریی سەرکۆماری شەهید و تێکڕای شەهیدانی کۆماری کوردستان دەگیرێ. لەم ڕۆژەدا شانبەشانی یادکردنەوەی پێشەوای شەهید، یادی هەموو شەهیدانی کوردستان دەکرێتەوە کە گیانیان لە پێناوی ئازادی و سەربەرزیی نەتەوەکەیان دا بەخشی.

لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جمهووریی کوردستانەوە تا ئێستا، بە هەزاران ئەندامی حیزبی دێموکرات، لە ئەندامی سادەی تەشکیلاتی نهێنیەوە، تا کادرو پێشمەرگەی ئاشکرا، لە فەرماندەران و کادری ڕێبەرییەوە تا دەگاتە سکرتێرەکانی حیزب ، لە بەندیخانە، لە دەربەدەری و دوورە وڵاتی، لە سەنگەری خەباتی چەکداری و لە دەرو ژووری وڵات، گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی حیزبەکەیان و نەتەوەکەیان دا بەخشیوە. لە ریزی حیزب و ریکخراوەکانی دیکەی کوردستانیش دا، زۆر ڕۆڵەی خەباتکاری گەلی کورد، لە ڕێگای رزگاری و بەختیاریی خەڵکی کورستان دا گیانی خۆیان بەخت کردوە. ئێمە هەر لەو کاتەوە کە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە دا ڕێز لە هەموو شەهیدانی کوردستان بگرین، داواو چاوەڕوانییشمان لە خەڵکی کوردستان و ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەر جێگایەکی دنیا ئەوەیە، لەم ڕۆژەدا یادی شەهیدانی کورستان بکەنەوەو ڕێز لە خەبات و فیداکارییەکانی ئەوان بگرن. بە باوەڕی ئێمە ئەم ڕۆژە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی بە دۆست و دوژمن نیشان بدەین کە گەلی کورد بە ڕێگا و ئامانجەکانی شەهیدانی وەفادارە و تا بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەوان واز لە خەبات و تێکۆشان ناهێنێ.



سەدری قازی | پێشەوا قازی محەممەد | سەیفی قازی

بنەماڵەو کەس و کاری بەڕێزی شەهیدان !

هاودەردی و هاوپێوەندی لەگەڵ ئێوە کە جگەر گۆشەکانتان و ئازیزترین کەسانی خۆتان پێشکەشی بارەگای ئازادیی گەلەکەتان کردوە، ئەرکی یەك بە یەکی ئێمە خەباتکارانی دێموکرات و هەموو مرۆڤێکی ئەمەگناس و نیشتمانپەروەرە. ئێمە لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دا، دڵنیاتان دەکەینەوە کە خوێنی ئازیزانتان و ڕێگاو ئامانجەکانی شەهیدەکان لە بیر ناکەین. لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ گیانی پاکی شەهیدانی هەرگیز نەمر لەم ڕۆژە دا پەیمان نوێ دەکەینەوە کە بە ئامانجەکانیان وەفادار دەمێنینەوەو تا وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان، دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵ ناگرین.

لەم ڕۆژە دا، بۆ جارێکی دیکە لە ئاست شەهیدەکانتان و لە ئاست ئەم هەمووە مەینەت و ناخۆشی و گیروگرفتانەی ئێوە لە ڕێبازی خەبات دا لە گەڵیان بەرەو ڕوو بوون، سەری ڕێز دادەنوێنین . پەیامی ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە سەری بەرزتان هەر وا بەرز ڕابگرن و بە داهاتوو هیوادار بن، چونکە لە سایەی خەبات و قوربانیدانی ڕۆڵە شەهیدەکانتان و ئازیزە نەمرەکانتان، بیری ئازادیخوازی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانە بە جۆرێك لە نێو نەتەوەکەمان دا ریشەی داکوتاوە کە هیچ هێزێك ناتوانێ ئەم نەتەوەیە لە خەبات تا گەیشتن بە رزگاری سارد بکاتەوە. بە هیوای ئەو ڕۆژە کە بەری ڕەنج و زەحمەت و خەبات و فیداکار یی شەهیدەکانمان و تێکۆشەرانی گەلەکەمان پێ دەگا و خەباتەکەمان دەگاتە ئاکام.

بۆ پێشەوە بەرەو ئەو ڕۆژەی کوردستان ئازاد و گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکەین.

سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی

سەربەرزی بۆ بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدان

سەرکەوتن بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کورستان**

**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی**

**٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ی**

**هەتاوی**

**٢٠١٠/٣/٢٩ی زایینی**

# وتاری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە

## کە لەلایەن کاك محەممەد ڕەسووڵ حەسەنپوور لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدان لە بنکەی دەفتەری سیاسی، پێشکەش کرا



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**میوانە بەڕێزەکان!**

ئەمرۆ ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە. بەم بۆنەیەوە لێرە کۆ بووینەوە تا ڕێز لە یادی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردو کوردستان بگرین.

١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا ڕۆژێکی تاڵە، چونکی ٦٣ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا قازی محەمەد پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکەم سەرۆك کۆماری میللیی کوردستان، ئەبولقاسم سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شوورای میللیی ئێراندا و برای پێشەوا، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگریی کۆمارو ئامۆزای پێشەوا بە تاوانی کورد بوون و بەشداری لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلدا بە فەرمانی ڕاستەوخۆی حەمەرەزا شای پەهلەوی لە چوارچرای شاری مەهاباد، ملیان بە پەتی سێدارەدا کراو شەهید بوون.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی حەمەرەزاشا و کاربەدەستە وردودرشتەکانی، گەلی کورد بە لە داردرانی قازییەکان و پۆلێکی بەرچاو لە ئەفسەرانی فیداکارو عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکانی فەیزوڵلابەگی و گەورکی سەقزو دڵسۆزانی کۆماری میللیی کوردستان، نەك هەر چاوترسێن نەبوو، بەڵکوو بە زوویی دەرکەوت کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ خەبات لە پێناوی ئازادیی کوردو کوردستان دا ئامادەی بەربەرەکانی و فیداکارین.

خۆڕاگریی قارەمانانەی بارزانییەکان بە سەرکردەیی ژێنراڵ مستەفا بارزانیی نەمر لە ئاست لەشکری تەیار بە چەکی جۆراوجۆر و بەچۆکدا هێنانی ئەو لەشکرە زۆرەی لە هەموو لایەکەوە بۆ شەڕی بارزانییەکان نێردرابوو، نموونەی زیندووی ئەم ڕاستییەیە. هەموو لایەك دەزانن کە دوژمنانی گەلەکەمان چاوی دیتنی بە ئازادی ژیان و ئەو کەش و هەوا دێموکراسییەی ئەو بەشەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری میللیی کوردستانیان نەبوو. بۆیە زوو لێی کەوتنە فرو فێڵ و پیلانگێڕان و لە کاتێکدا تەنیا یازدە مانگ لە تەمەنی پڕ سەروەری و پڕ بەرهەمی ئەو کۆمارە ساوایە تێپەر ببوو، بە هاودەستی و گەلەکۆمەکیی بێگانە لە نێویان بردو سەرۆکەکەشیان شەهید کرد.

**بەڕێزان!**

کاروانی شەهیدانی ڕێگای رزگای لە قۆناغە جیاجیاکانی جووڵانەوەی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ گەلی کورددا، نیشاندەری ئەوەیە کە ڕێگای پیرۆزی پێشەوا کوێرنەبۆتەوەو پێشەوای نەمرمان لەم بارەیەوە وەجاغی ڕوونە و گەلی کوردیش بە درێژایی مێژووی پڕ لە کوێرەوەریی خۆی، ڕۆڵەی ئازاو نەبەزو گیانفیدای پێ گەیاندوون و هیچ کاتێك لە قوربانیداندا بەرچاو تەنگ نین. کەوا بوو ئەو شەهیدانەی بنچینەی خەباتی گەل و وڵاتن، شایانی ئەوەن کە لە بیر نەچنەوە. چونکی ئەوان لە ئاست گەل و نیشتمانەکەیاندا ئەوەندە دڵسۆز بوون کە بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان کە گیانیانە، فیداکردوە. بێشك گەلی کوردیش لە ئاست گیانفیدایی ئەوان ئەمەگدارەو لە بۆنەو دەرفەتی جۆرا وجۆر دا ڕێزیان لێدەگرێ و فیدا کارییەکەیان بەرز دەنرخێنێ.

**ئامادەبووانی بەڕێز!**

هەر وەك دەزانن لەسەر کەسایەتیی پێشەوای مەزن زۆر شت گوتراوەو نووسراوە بۆیە دووپاتکردنەوەیان لەم ماوە کەمەدا ناگونجی، بەڵام بە کورتی هێندی شت پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ:

پێشەوا کاتێك لە دەورانی حکوومەتی ڕەزاشا دا بوو بە سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەو فێرکردنی مەهاباد، خزمەتی زۆری بە پەرەپێدانی قوتابخانەکان لە مەهاباد و شارو گوندەکانی سەر بەم شارە کرد. قازی، ئەو دەم خەڵکی لە مەدرەسەکان کۆ دەکردەوەو سەبارەت بە رزگاریی گەلی کورد لە گەڵیان دەدوا.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی ڕەزاشا، قازی محەمەد زۆر ئازایانە بۆ رزگاریی گەل بێ وچان هەوڵی داو لە کاتی بێ سەرەوبەریی پاش حکوومەتی ڕەزاشا دا، توانی هێمنایەتیی موکریان بپارێزێ.

قازی محەمەد لە پەرەگرتن و بڵاو بوونەوەی بیری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و پاشان دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەوری گرینگ و بەرچاوی هەبوو. هەربۆیە لە یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە پێشەوای حیزب هەڵبژێردراو لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا کرا بە سەرۆکی حکوومەتی میللیی کوردستان.

پێشەوا ڕووناکبیرێکی بوێرو نەترس بوو، لە هەموو کەس زیاتر گەلەکەی خۆش دەویست ئەو، ئەزموونیکی بەرچاوی لە کۆمەڵناسیدا وەدەست هێنابوو. هەموو دەردو مەینەتییەکانی نەتەوە ژێر دەستەکەی شارەزا بوو. هەر بەم بۆنەیەشەوە بوو کە گیانی خۆی لە پێناوی گەلەکەیدا فیداکردو هەرگیز پشتی لە قەول و بەڵێنەکانی بە نیسبەت وڵات و نیشتمانەکەی نەکرد.

پێشەوا بە زمانی ساکاری خەڵکی دەدوا بۆیە شوێنی دانابووە سەر دڵ و دەروونی خەڵکەکەی و خەڵکی بە هەق لەقەبی پێشەوایان پێ بەخشیبوو.

ناوو ناوبانگ و پرستیژو کاریزمابوونی کەسایەتیی پێشەوا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەمرۆ گەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان ڕێزی بگرن و لە ڕۆژی ئێعدام کرانیدا یادی بکەنەوەو دەرس لە ئەزموون و هەڵوێستە بەنرخەکانی وەربگرن و وەك ڕێبەری شەهیدی خۆیان لێی بڕوانن.

**بەڕێزان !**

ئەمرۆ لە کاتێکدا یادی لە سێدارەدانی پێشەواو هاوڕێیانی دەکەینەوە کە وڵاتەکەمان بۆتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەو خۆپێشاندانی جەماوەری بە دژی ڕێژیمی خۆسەپێن و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی و شەقامەکانی تاران و شارە گەورەکان بە خوێنی کچان و کوڕانی ئازادیخوازی وڵاتەکەمان نەخشێندراون. داخوازی خۆپێشاندەران و نارازییان لە ڕێژیم تا دێ رادیکالتر دەبێ و بەرەو قۆناغێك دەچێ کە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ بکرێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ هاتنە کایەی ئاڵوگۆڕ لە وڵاتە بەڵا لێدراوەکەماندا. جێی خۆیەتی لە ڕۆژی یادکردنەوەی شەهیدانی کوردو کوردستاندا، یادی گیان بەخت کردوانی ئەم حەرەکەتە ئیعترازییانەی تاران و شارە گەورەکان و بە تایبەتی ئەو خوێندکارە کوردانەش بکەینەوە کە نیشانیاندا گەلی کورد لەگەڵ گەلانی زۆر لێکراوی دیکەی وڵاتەکەمان لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاوخەباتەو وەك سێ دەیەی ڕابردوو هەروا ئامادەی خەبات و قوربانیدان بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافەرەواکانیەتی.

بەرزو بەڕێز بێ یادی شەهیدانی گەلی قارەمانی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە سێ ڕێبەری شەهیدی حیزبەکەمان: قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزو خۆڕاگری شەهیدان

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی**

**١٠ی خاکەلێوەی**

**١٣٨٩ی هەتاوی**

# رابردووی کوشتاری بەکۆمەڵ لە کوردستان و ئەرکی ئێمە

## بە بۆنەی ٣٠ ساڵەی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی قەڵاتانەوە

قادر وریا

بەهاری کوردەواری سوور و شینە ئەگەر دەتوێ بەهاری کورد ببینی
لەدەوری تەرمی خوێنین کۆڕی شینە وەرە گوندی قەڵاتانی ببینە
هێمن موکریانی

"خاکی قەڵاتان لە خۆرئاوابوونی [یەکێك لە] یەکەم ڕۆژەکانی بەهاردا، لەو وەرزەیدا گیادەڕوێتەوە و گوڵ و شکۆفە چاو دەکاتەوە و، دار و درەخت بە خۆی دا دێتەوە، لەگەڵ ڕێژنە بارانی پەڵەهەورێکی بەهاری و شنەی ئێوارەیەکی فێنك، لە بەر چاوی حەشیمەتێکی لێوبەبار و تازیەدار، تەرمی خۆشەویستەکانی خۆی گرتە باوش" (١)

٧ی خاکەلێوەی ئەمساڵ، ٣٠ساڵ بە سەر کوشتاری خەڵکی بێتاوانی قەڵاتان دا رابرد.

قەڵاتان ئەو گوندەیە کە کەوتۆتە سەر ڕێگای شنۆ و نەغەدە. لە شنۆوە کە بەرەو ڕۆژهەڵات (بەرەو نەغەدە) دەچی، قەڵاتان، یەکەم گوندی سندووسە. بەرەبەیانی ٧ی خاکەلێوەی ١٣٥٩، خەڵکی ئەم گوندە کەوتنە بەر هێرشی سەدان کەسی تەیار بە چەکی گەرم و سارد کە لەژێر پشتیوانیی تانك و تۆپ و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی تازەدا، بۆ کوشتار و تالانی خەڵکی ئەم گوندە هاتبوون.

ڕۆژێك پێش ئەم ڕووداوە، دوای ئەوەی خەڵکی دێ لە نیازی هاتنی ئەم هێزەی سەر بە ڕێژیم بۆ "پاکسازی" قەڵاتان ئاگادار دەبن، تکا لە پێشمەرگەکانی حیزب دەکەن بنکەکەیان کۆ بکەنەوە و لەو گوندە نەمێنن بۆ ئەوەی

**بەم تاوانانە دەیانەویست کوردەکان لە هەموو ئەو شارو ناوچانەی لەگەڵ تورکەکان دا پێکەوە دەژەین، لە ئاکامە ترسناکەکانی پشتیوانی لە حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێرەکانی کوردستان و داوا کردنی مافەکانی خۆیان ئاگادار بکەنەوەو، تێیان بگەیەنن ئەگەر شتێکی غەیری ژێر چە پۆکی و بندەستیی تورکەکان داوا بکەن، قەلاچۆ دەکرێن**

تێکهەڵچوون لە دێیەکەیان ڕوونەداو، بیانوو بۆ کوشتاری خەڵکی دێ نەکەوێتە دەست بەکرێگیراوانی ڕێژیم. بەڵام تاوانخولقێنان، بیانووی دیکەیان هەبوو. قەڵاتان یەکێك لە گوندە گەورە و گرنگەکانی سندووسی



سەرێ بوو و جگە لەوەی خەڵکەکەی پشتیوانی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بوون، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی ئەم گوندەش لە ریزی تێکۆشەرانی کوردستان‌دا بوون.

کارەساتێك کە ڕۆژی ٧ی خاکەلێوە لە قەڵاتان ڕووی دا، شتێك بوو لە چەشنی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵانەی ٦مانگ و نیو پێشتر لە قارنێو، دواتریش لە سۆفیان، سەرووکانی، ئێندرقاش، قەرەگۆل، سەوزیو سەرچنار، کەرێزە و دیلانچەرخ و چەندین گوندی دیکەی کوردستان ڕوویان دا. سەدان دانیشتووی تورکی نەغەدە و گوندەکانی دەوروبەر کە دەمڕاستەکان و کاربەدەستانی ڕێژیمی تازە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاواو نەغەدە بە دنەدانی هەستی ئایینی و دەمارگرژیی نەتەوەیی، هەڵیان خەڵەتاندبوون، لە ژێر پشتیوانیی تانك و تۆپی ئەرتەش و بەهاندانی کومیتەی ئینقلاب و بڕیار بەدەستانی دیکەی ڕێژیم لەو ناوچەیە، ڕەوانەی قەڵاتان کران تا تاوانێکی سامناکی دیکە بخولقێنن و بە هۆی ئەم تاوانەوە، دانیشتووانی گوندەکانی دیکەش چاوترسێن و عیبرەتگرتوو! بکەن. بەم تاوانانە دەیانەویست کوردەکان لە هەموو ئەو شارو ناوچانەی لەگەڵ تورکەکان دا پێکەوە دەژەین، لە ئاکامە ترسناکەکانی پشتیوانی لە حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێرەکانی کوردستان و داوا کردنی مافەکانی خۆیان ئاگادار بکەنەوەو، تێیان بگەیەنن ئەگەر شتێکی غەیری ژێر چەپۆکی و بندەستیی تورکەکان داوا بکەن، قەڵاچۆ دەکرێن.

ئاشکرایە هەم کاربەدەستان و هەم تورکە هاندراوەکان کە ڕێژیم بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە شوومەکانی خۆی چەکداری کردبوون و بۆ کوردکوژی بەکاری دێنان، ئەزموونی هەر دوو کوشتاری پێشووی کوردان لە نێو شاری نەغەدە و لە قارنێیان هەبوو و دەیانزانی ناوەندەکانی سەرووتری دەسەڵات، نەك هەر لەم جۆرە تاوانانەیان ناپرسنەوە، بەڵکوو پشتیشیان دەگرن وپاداشیان پێ دەدەن. بۆیە کوشتاری خەڵکی قەڵاتانیشیان بێ پەروایانە و بەوپەڕی دڕندەییەوە ئەنجام دا. بەم جۆرە لە ماوەی چەند سەعاتێك دا هەر کەسێك لە دانیشتووانی گوندەکە دەستیان کەوت، تەنانەت ئەوانەی بەرێکەوت وەك میوان لەم دێیە بوون، بەتفەنگ و تەورو قەممە، دابێژ دابێژ و لەتوپەت کرد و بەو پەڕی وەحشیگەرییەوە گیانیان لێ ئەستاندن و تەرمی ١٥ کەسی بێتاوانیان بە شێواوی بەجێ هێشت. لێرەدا مەبەست گێڕانەوەی وردەکارییەکانی ئەم کوشتارە بە کۆمەڵە و وەبیرهێنانەوەی دیمەنە دڵتەزێنەکانی ئەم کارەساتە ویژدانهەژێنە نیە. ئەگەرچی ئەم جۆرە گێڕانەوانە و یادکردنەوەی ئەم جۆرە وەحشیگەرییانەش بایەخی خۆیان هەیە. ئەوەی لەم بۆنەیەدا پێویستە باسی لێ بکرێ ئەرکمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کوشتارە بە کۆمەڵانە دایە کە بە تایبەتی لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا لە کوردستان بەڕێوەچوون. گەلی کورد بەگشتی و، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ، نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، لێکۆڵەران، هونەرمەندان، تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ و چالاکانی مەدەنی بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کوشتارە بە کۆمەڵەکانی خەڵکی کوردستان دا، کۆمەڵێك ئەرکیان لە سەر شانە هێندێك لەو ئەرکانە لە ڕوانگەی منەوە بریتین لە:

١- زیندوو ڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی ئەم ڕووداوانە و ڕێزگرتنی قوربانییەکانیان بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە، ئاشنا کردنی نەسلەکانی ئەمڕۆ بە قووڵایی ئەم تاوانانەو، پێشگیری لەوەکە بەتێپەڕینی زەمان لە بیر بچنەوە.

٢- کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و زانیاریی جۆراوجۆر لە سەر هەر کام لەو کارەساتانە (وەك ناو و تەمەن و وێنەی قوربانییەکان، لێدوانی شاهیدانی ڕووداوەکان، ڕۆڵی کاربەدەستانی دەوڵەتی و حکوومەتی و دام و دەزگاکانی ڕێژیم لەو تاوانانەدا، ناساندنی بەڕێوەبەران و ئەنجامدەرانی تاوانەکان.

٣- پێکهێنانی کەیسی تایبەتی بۆ هەر کام لەم کوشتارە بەکۆمەڵانە و ڕاسپاردنی پارێزەران و کەسانی لێوەشاوە بۆ وەگەڕخستنی پەروەندەی ئەم تاوانانە وتۆمارکردنی سکاڵا لە سەر بەڕێوەبەران و ئەنجامدەرانی تاوانەکان.

٤ـ ئاگادار کردنی بیروڕای گشتی و بەتایبەتی ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لەم تاوانە گەورانە و هێنانە گۆڕیان لە ئاستی دنیادا وەك نموونەیەکی ئاشکرا لە ژینۆساید و تاوان دژی مرۆڤایەتی و داوای بەڕێوەچوونی عەداڵەت لەم پێوەندییەدا.

٥ـ توێژینەوەی بێلایەنانە و بەدوور لە دەمارگرژی لەو هەلومەرج و هۆکارانەی ئەم کوشتارە بە کۆمەڵانەیان لێ کەوتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارە دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم تاوانە لە سەر بنەماڵەو کەسوکاری قوربانییەکان، بۆ ئەوەی سیاسییەکان، ڕووناکبیران و نوخبەکانی ئێران بە گشتی و بەتایبەتی هی دوو گەلی کورد و ئازەربایجانی، دەرسیان لێ وەربگرن و پێش بە دووپاتبوونەوەیان لە داهاتوودا بگرن.

هیوادارم ئەمساڵ کە ٣٠ساڵەی ژمارەیەك لە بەکۆمەڵکوشتنەکانی خەڵکی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، پرسی چۆنیەتیی بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم یاد و بیرەوەرییانە و ئەرکمان لەم پێوەندییەدا، لەلایەن ڕاگەیەنە کوردییەکان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نوخبەکانی کورد، بایەخی پێویستیان پێ بدرێ و لەم ڕێگایەوە بتوانین ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەیی و ئینسانییەکانمان دیاری بکەین.

١) وەرگیراو لە وتارێکی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٣٦، خاکەلێوەی ١٣٦٧

# ئاورێك لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی حدك

کاوە ئاهەنگەری



کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سێ ساڵی ڕابردوو و بە تایبەتی دوای کۆنگرەی چاردە گۆڕو تینێکی زۆری داوە بە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی لە ئاست وڵاتانی ڕۆژئاواو بەرز کرنەوەی کەیسی کورد لە ئاستی دامەزراوە نێو دەوڵەتییەکان و پارلمان و ناوەندە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، ئازادی بیرورا و ڕاگەیاندن ... داوەو بەشی سەرەکی لە ئاجێندای کاریی کومیتەی بەرێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە.

دیارە هەموو ئەم هەوڵانە ئاوێنەی دۆخی واقعیی ژیانی خەڵك لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتین و حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەوڵ دەدا ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی بە ناوەندەکانی دەسەڵات و بیروڕای گشتی بناسێنێ.

لە دوو حەوتووی ڕابردوو دا کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێك دیدارو چاوپێکەوتنی بۆ خالید عەزیزی لە چەند وڵاتی ڕۆژئاوای ئوروپا پێکهێنا کە جێی سەرنج و تێرامانن. زنجیرە چالاکیەکانی وڵاتانی نۆروێژ و بلژیك نموونەیەکن لەم هەوڵانە و نیشانی دا کە حدك دەتوانێ و دەبێ زیاتر لە جاران بۆ بەرزترکردنەوەی کەیس و مەسەلەی کورد لە ئێراندا، هەوڵ بدا. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە حدك وەك حیزبێکی دێموکرات و سێکۆلار و لایەنگری ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی، لە ئاستی نێو دەوڵەتیشدا پێگەیەکی شیاوی هەیە. دیداری عەزیزی لەگەڵ ئیزابێل دوورانت جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپا وەك یەکێك لە ناوەندە نێو نەتەوەییە گرینگەکانی جیهان، دیدار لەگەڵ کۆمەڵێك ئەندامی پارلمانی نۆروێژ و سیاسەتمەداران و سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی بێلژیك و سیناتۆری دێموکرات مەسیحیی بلژیکی و زۆر کەسایەتیی سیاسیی کورد و ئێرانی وێرای نیشاندانی جێگە و پێگەی سیاسیی حدك لە ئاستی دەرەوەدا ، ئەوەمان پێ دەڵێ کە کورد دەتوانێ بە کارو تێکۆشانی زیاتر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بۆ نەتەوەکەی خۆی کار بکا، هەر بۆیە عەزیزی لە دیدار لەگەڵ ئەندامان و دۆستانی حیزب و چالاکانی سیاسیی ئێرانی تەئکیدی لەسەر گرنگیی بروکسێل و ئەرکەکانی ئەندامانی حیزب لە وڵاتی بلژیك بۆ چالاکتر کردنی کەیسی کورد لەنێو دامەزراوە ئوروپاییەکاندا کردوە و وێرای ئەوە هیوای خواست کە لە وەها شوێنگەلێك کورد و ئێرانی بتوانن بە هاوکاریی و یەکیەتییەکی زیاترەوە لە مەجالەکان کەڵك وەربگرن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەم دیدارانەدا پێی لەسەر گرنگیدانی هەرچی زیاتری ئورووپاییەکان بە کێشەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران دا دادەگرت و تەئکیدی دەکردەوە کە نابێ کێشەی مافی مرۆڤ بخرێتە پەراوێزی کێشەی ناوکی. هەربۆیە لە دیدار لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارلمانی ئوروپا وێرای مەحکوومکردنی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و گەیشتن بە چەکی ناوکی، مافی مرۆڤ و دێموکراسی و ئازادییە مەدەنییەکانی بە پاشنەی ئاشیل یان خاڵی لاوازی حاکمییەتی ئێران لە قەڵەم داو پێداگریی کردەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێ لەسەر مەسەلەی ناوکی بکەوێتە دانوستاندن و مامڵەکردن، بەڵام دێموکراسی و مافی مرۆڤ شتێکە کە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی دەپێکێ و ئەگەر لە ئێراندا دێموکراسی هەبێ و مافی مرۆڤ ڕەچاو بکرێ ئەوە ئیتر نیزامێك بە تایبەتمەندییەکانی ئێستاکەی دەسەڵاتی نامێنێ، هەر بۆیە دەبێ جیهان بە گشتی و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی مەسەلەی مافی مرۆڤ و دێموکراسی نەخەنە پەراوێزی کێشەی ئەتۆمی و هەردەم لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکاندا باسی بکەن.

## دوکتور نەجمەدین کەریم:

# هیچ لایەنێك ناتوانێ بەبێ کورد حکوومەت پێك بێنێ

دیمانە: مادێح ئەحمەدی

**ئاماژە: ئاکامی کۆتایی خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکانی** ٧ی مارسی ٢٠١٠ی پارلمانی عێراق ڕۆژی هەینیی رابردوو، واتە ٢٦ی مارس پاش تێپەڕینی نزیکەی سێ هەفتە بەسەر بەڕێوەچوونی ئەم هەڵبژاردنانەدا لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتەوە راگەیەندرا. ئەوەی لەم رۆژانەدا بۆتە تەوەری سەرەکیی دانوستان و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی عێراق، بابەتی پێکهێنانی دەوڵەتی داهاتووی عێراقە. ئەم بابەتە ئێستا بۆتە هۆی ئاڵۆز بوونی فەزای سیاسیی عێراق و هیچ لایەنێك بەتەنیا ناتوانێ دەوڵەت پێك بێنێ و پێکهێنانی دەوڵەت پێویستی بە هاوپەیمانییەکی چەند قۆڵی هەیە. زۆر کەس پێیانوایە کە ئەم ئاڵۆزییە دەرفەتێکە بۆ کورد و، کورد هێزی یەکلاکەرەوەیە لەم نێوانەدا. سەبارەت بە قورسایی کورد لەم هەڵبژاردنانەدا و داهاتووی ماددەی ١٤٠ و کێشە کەرکووك و ناوچەك دابڕاوەکانی دیکەو هەروەها کێشەی پێکهێنانی کابینەی نوێی دەوڵەتی عێراق چەند پرسیارێکمان ئاراستەی **" دوکتور نەجمەدین کەریم"، کەسایەتیی سیاسیی کورد و یەکێك لەو پاڵێوراوانەی کورد لە کەرکووك کە بۆ پارلمانی داهاتووی عێراق هەڵبژێراوە، کرد:**

**کوردستان: سەرەتا سپاس بۆ ئەوەی ئەم کاتەتان بۆ ئەم وتووێژە تەرخان کرد، وەك یەکەم پرسیار ئاکامی کۆتایی خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** لایەنی باشی هەڵبژاردنەکان ئەوە بوو کە بە ئاسوودەیی و سەلامەتی تێپەڕبوو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لەم هەڵبژاردنانەدا فڕوفێڵ و ساختەکاری زۆرکراوە. بە تایبەت لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان سوننەن و بەنیسبەت کوردەوە لە پارێزگاکانی دیالە، موسڵو کەرکووك ساختەکاری و فڕوفێڵ بە شێوەیەکی فراوان کراوە کە بە باوڕی من ئەگەر وانەبووایە، ئاکامی هەڵبژاردنەکان وانەدەبوو( بە تایبەت لە کەرکووك). دەبوایە ئەم هەڵبژاردنانە بە شێوەیەکی پاك و بێفڕوفێڵ بەڕێوە چووبایە.

**کوردستان: ئایا ئەم فڕوفێڵ و ساختەکارییانەی کە کراوە، پلانێك بووە دژی کورد. ئایا دەکرێ بەم شێوەیە لە بابەتەکە بڕوانین؟**

**د. نەجمەدین کریم:** نازانم پلانێك بێ دژی کورد یا نا؟ بەڵام ئەگەر گوێتان لە لێدوانەکانی من لە سەرئەم بابەتانە بووبێ. من هەمیشە باوڕم بە نەتەوە یەکگرتووەکان نەبووە کە بێ لایەن بێ لەناو ململانێیەکاندا لە عێراق. ئەگەرچی مەسەلەکە هاتبێتە سەر بەرژەوەندی و بابەتە چارەنووسسازە پێوەندیدارەکان بە کوردەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵی گرنگی هەبوو لەم هەڵبژاردنانەدا و بە تەئکید چاوپۆشیی لەو ساختەکارییانە کردوە.

**کوردستان: هۆکاری ئەم چاوپۆشییەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نیسبەت ئەم ساختەکارییانەوە کە جەنابتان ئاماژەتان پێدا، دەگەڕێتەوە بۆ چی؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** ئێمە ئەگەر چاو لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین، دەبینین وەکوو یانەیەك دەچێ. ئەم یانانەش کۆمەڵێك ئەندامیان هەیە. ئەم یانانەش خزمەتی ئەو لایەن و وڵاتانە دەکەن کە پارەیان هەیە و هەموو کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە کێشەی کورد هەڵوێستێکی نیگەتیڤی هەبووە. لە کاتی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٠دا، لە ساڵی ٢٠٠٣دا کە نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵی گرنگی هەبوو لە عێراقدا، هەمیشە پشتیوانی دەوڵەتی ناوەندیی عێراقیان کردوە و بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەی کە دەبێ بەرانبەر بە بابەتەکان هەیان بێ کە ئەویش بێلایەنییە، جووڵانەونەتەوە.

**کوردستان: وەکوو خۆتان پێتانوایە بە گشتی کورد لەم هەڵبژاردنانەدا دۆڕاوە یا نا؟ یا بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانی پێشووەوە توانیویەتی سەرکەوتوو بێ؟**


**د. نەجمەدین کەریم:** بەباوڕی من کورد نەدۆڕاوە، پێمایە ئەو کەموکۆڕییەی کە کورد لە ژمارەی نوێنەراندا هەیبوو دەگەڕێتەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنەکان کە دەبوایە ئێمە کاتی خۆی دەنگمان پێ نەدایە و دژی بووینایە. بە باوڕی من ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەی نوێنەرانی کوردکەم بێتەوە. ئەگینا کورد نەدۆڕاوەو ئیستاش هێزێکی گرنگ دەبێ لە بەغدا. ٥٨ نوێنەر کەم نییە. هیچ لایەنێك ناتوانێ بەبێ کورد حکوومەتێك دروست بکا کە هەموو خەڵکی عێراق پێی رازی بێ و عێراق بەرەو پێشەوە بچێ.

**کوردستان: کاك دوکتور! باشە ئێمە لە کەرکووك کە شوێنێکی زۆر هەستیارە بینیمان کە لیستی ئەلعێراقییە کە لە لایەن "ئەیاد عەلاوی"یەوە سەرۆکایەتی دەکرێ لە چاو لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگی زیاتری بەدەست هێنا. ئایا لە کەرکووکیش ئەم یاسای هەڵبژاردنانە کاریگەری هەبوو. یا نا هەڤرکێ و ململانێی نێوان لایەنە کوردییەکان بووە هۆی ئەوەی کە دەنگی کورد بەوشێوە دابەزێ؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** ئەو فڕوفێڵانەی کە لە پڕۆسەی دەنگدانەکەدا کرا( بەتایبەت لە ناوچەکانی حەویجە، رەشادو...) هۆی سەرەکی بوو بۆ ئەو دەنگە زۆرەی کە لیستی ئەلعێراقییە هێنایەوە، دیارە زۆر بوونی لیستی کوردیش کاریگەری هەبوو لە سەر ئەم بابەتە، بەڵام لێرەدا کورد نەدۆڕاوە بەڵکوو کورد بە تەنیا ٦کورسی بەدەست هێناوەو عەرەب و تورکمان (بەهەموویانەوە) شەش کورسییان بە دەست هێناوە. بۆیە من ئەمە بە دۆڕاندن نازانم. ئێمە دەمانتوانی باشتر بووینایە. یان تەنانەت "گۆڕان"، "یەکگرتوو" و "کۆمەڵ" بەیەکەوە بووایەن، ئێمە کورسییەك تا دوو کورسیی دیکەشمان وەردەگرت و دبووینە ٧تا٨ کورسی لە کەرکووك.

**کوردستان: باشە ئێمە ئەگەر وەك ریفراندۆمێك چاو لەو هەڵبژاردنانە بکەین، بە تایبەت بە نیسبەت کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانەوە، ئەگەر دەنگی کورد بەگشتی (بەهەموو لیستەکانەوە) لە بەرچاو بگرین دیسان سەرکەوتن هەر بەکوردە؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** یەکەم، ئەمە پێوەندی بە رێفراندۆمەوە نییە. ئەگەرئێمە یاسای هەڵبژاردنەکان لە بەر چاو بگرین، ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە هیچ کاریگەریی لە سەر داهاتووی



کەرکووك نابێ. دیارە ئێمە بە گرنگمان دەزانی کە نوێنەرمان زۆر بێ، بەڵام ریفراندۆم و ماددەی ١٤٠مەسەلەیەکی دیکەن. ئێمە خۆشمان وەکوو کورد خەڵکێکمان هەبووە کە دەنگیان نەداوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەزموون وەرگرتن بۆ جارەکانی داهاتوو و دەبێ یەکگرتوو بین و خەڵکەکەشمان هەموو بچن بۆ دەنگدان. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر مەسەلەی ریفراندۆم بۆ داهاتووی کەرکووك نییە.

**کوردستان: باشە ئەم هەڵبژاردنانە چ کاریگەرییەکییان لە سەر داهاتووی مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان و بە تایبەت کەرکووك و ماددەی ١٤٠ دەبێ؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** هەر وەك باسمان ئەم هەڵبژاردنانە هیچ کاریگەری لە سەر ئەو بابەتانە نییە. ئێمە دەبێ هەوڵی جیددی بدەین لە داهاتوودا لە پارلمانی عێراق کە ماددەی ١٤٠ بە هەر سێ پلەکەیەوە جێ بەجێ بکرێ. سوودی سەرەکیی ئەم هەڵبژاردنانە ئەوە بوو کە دەبێ ئێمە ماڵی خۆمان رێك بخەین و خەڵکەکەمان زیاتر هانبدەین و لە خەڵکەکەی خۆمان زیاتر نزیك بینەوە بۆ ئەوەی باوەڕیان پێمان بێ تا وەکوو زیاتر بچنە سەر سەندوقەکانی دەنگدان.

**کوردستان: کاك دوکتور! با بێینە سەر تەوەرێکی دیکە. ئەویش کێشەی پێك هێنانی کابینەی دەوڵەتی نوێی عێراقە. ئێستا ململانێیەکی زۆر دەبینین لە نێوان لایەنەکاندا و هاوکێشەکان ئاڵۆزن. لە ئاکامدا چ لایەن یا هاوپەیمانییەك رادەسپێردرێ بۆ ئەوەی کابینەی نوێ پێك بێنن؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** جارێ دیار نییە. ئەمە پێوەندی بەو گفتوگۆیانەوە هەیە کە لە نێوان لایەنەکاندا لە ئارا دایە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێ سێ لایەن لە گەڵ یەك رێككەون بۆ ئەوەی حکوومەتی نوێ پێك بێنن.

**کوردستان: ئێستا کۆمەڵێك ململانێ و کێشە لە ئارا دایە. بۆ وێنە لە ناو هاوپەیمانی نیشتمانیدا کۆمەڵێك کەس هەن کە دژی مالیکین کە ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران. کۆمەڵێك کەس هەن کە پشتیوانی لە عادل عەبدولمەهدی دەکەن. کۆمەڵێك کەس هەن کە دژی ئەیاد عەلاوین کە وەکوو سوننەیەك ببێتە سەرۆك وەزیر. کۆمەڵێکیش هەن بە پێچەوانە بیر دەکەنەوە. ئەم ئاڵۆزییەی کە ئێستا دروست بووە پێتوانییە ببێتە هۆی ئەوەی کە پێکهێنانی کابینەی نوێی دەوڵەتی عێراق ماوەیەکی زۆر بخایەنێ؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** پێکهێنانی کابینەی نوێی دەوڵەتی عێراق زۆر دەخایەنێ. بەڵام ئێمە دەبێ لێرەدا لە تاك دوور بکەوینەوەو چاو لە بەرنامەو پلانەکان بکەین. ئێمە دەبێ بەو شێوەیە هەوڵی پیکهێنانی هاوپەیمانی بدەین لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە پشتیوانیی ئێمەیان دەوێ بۆ دامەزراندنی حکوومەتی تازەی عێراق.

**کوردستان: باسی پشتیوانیتان هێنا گۆڕێ، دەنگۆکان زیاتر باس لەوە دەکەن کە کورد پشتیوانی لە ئەیاد عەلاوی ناکا، ئایا بە پێی ئەزموونێك کە کورد لە ٢٠٠٣ ەوە تا ئێستا هەیەتی ئەو ئەزموونە ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد پشتیوانی لە شیعەکان بکا. بە تایبەت کەسێکی وەك مالکی بۆ ئەوەی کابینەی نوێ پێك بێنێ؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** ئەگەر چاو لە ساڵانی رابردوو بکەین، کورد هەمیشە لە عێراق لە شیعەکان نزیك بووە، و کۆتلەی عەلاوی خەڵکی زۆر شۆڤێنی و خراپی تێدایە. هەر چەند خودی ئەیاد عەلاوی وا نیە. جا لەبەر ئەوەیە کە دیسانەوە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی ئەوان لەسەر مەسەلە گرنگەکانی ئێمە، بە تایبەتی ماددەی ١٤٠ ، مەسەلەی بوودجە، مەسەلەی پێشمەرگە، مەسەلەی سنووری کوردستان و...

**کوردستان: باشە دوکتور! لەم نێوەدا دەبینین ئاڵۆزییەك لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئەمڕۆی عێراقدا لە نێوان لایەنەکاندا لە گۆڕێدایە، ئایا ئەمە دەرفەتێك نییە بۆ کورد کە بە قازانجی بەرژەوەندی خۆی هەوڵی یەکلایی کردنەوەی کێشەکان بدا؟**

**د. نەجمەدین کەریم:** بەڵێ بێگومان ئەمە دەرفەتێکە بۆ کورد. کورد دەبێ بە راشکاوانە داخوازییەکانی خۆی بخاتە پێش چاوی هەموو لایەنەکان و بە راشکاوانەش وڵامی بدرێتەوە لە لایەن ئەو لایەنانەوە. ئێمە دەبێ لەچاو چوار ساڵی رابردوو زۆر بە روونتر کار بکەین و راشکاوانە داخوازییەکانمان بخەینە روو.

**کوردستان: بابەتێك کە لێرە گرنگە پۆستی سەرکۆمارییە. سەرەڕای ئەوەی کە هێندێ لایەن دژی ئەوەن ئەم پۆستە بدرێ بە کورد. بەڵام لە ئاستی عێراقدا زۆر لایەن هەن کە پێداگرن بەڕێز" جەلال تاڵەبانی" لەو پۆستە دا بمێنێتەوە، پێتانوایە ئەو پۆستە هەر بدرێتەوە بە کورد؟**

**د.نەجمەدین کەریم:** دڵنیام مام جەلال دەبێتەوە بە سەر کۆماری عێراق.

**کوردستان: بابەتێکی دیکە کە جێگری سەرۆك وەزیرانە، لێدوانەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئاکامدا خودی پۆستی سەرۆك وەزیران یان بە شیعەکان دەبێ یان بە سوننەکان. پێشتر لە بەغدا"د.بەرهەم" جێگری سەرۆك وەزیران بوو. لە کوردستان دەنگۆی ئەوە هەیە کە جەنابتان ئەم جارە دەبنە جێگری سەرۆك وەزیران. ئایا ئەمە تا چەند راستە؟**

**د.نەجمەدین کەریم :** تا ئێستا باسی هیچ پۆستێك چ لە لایەن لایەنە کوردییەکانەوە و چ لە لایەن لایەنەکانی دیکەوە نەکراوە. تەنیا مەسەلەی سەرکۆمار باس کراوەو باسی پۆستەکانی دیکە نەکراوە. ئەوە دەمێنێتەوە سەر گفتوگۆکان. ئێمە مەسەلەی گرنگتر لەوەمان هەیە کە ئەم پۆست یا ئەو پۆست بۆ کێ دەبێ. مەسەلە گرنگەکانی ئێمە گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان و جێبەجێکردنی ماددەی "١٤٠" ە . لای کورد ئەم بابەتانە گرنگترە لە پۆستەکان و جارێکی دیکە دەڵێمەوە کە ئەم

**سوودی سەرەکیی ئەم هەڵبژاردنانە ئەوە بوو کە دەبێ ئێمە ماڵی خۆمان رێك بخەین و خەڵکەکەمان زیاتر هان بدەین و لە خەڵکەکەی خۆمان زیاتر نزیك بینەوە بۆ ئەوەی باوەڕیان پێمان بێ تا وەکوو زیاتر بچنە سەر سەندوقەکانی دەنگدان**

مەسەلە بە هیچ شێوەیەك باس نەکراوە.

**کوردستان: وەك دوا پرسیار، بە پێی ئەو باسەی کە هەمان بوو، ئاکامی ئەم بارودۆخە ئەگەر لەبەر چاو بگرین. پێتانوایە لە داهاتوو دا بە چ ئاراستەیەکدا بڕوا؟**

**د.نەجمەدین کەریم:** من گەشبینم بەوەی کە ئەم هەڵبژاردنانە سەرەڕای ئەو کەموکۆڕییانەی کە هەیبوو، سەرەڕای ئەو فڕو فێڵ و ساختەکارییانەی کە کرا بەو شێوەیە بەڕێوە چوو. ئێستا گفتوگۆ لە نێوان لایەنەکاندا هەیە. هەموو لایەکمان زۆر شتمان ئەزموون کردوە. شەڕمان ئەزموون کردوە، کیمیاباران و ئەنفالمان ئەزموون کردوە. بۆیە لایەنەکان ریك دەکەون. ئیمە لە کوردستان دەبێ یەکگرتوو بین و هەوڵی زیاتر بدەین بۆ نەتەوەکەمان کە چاوەڕوانی ئەوەیان هەیە ئێمە لە بەغدا بەرگری لە مافەکانیان بکەین.

**کوردستان: زۆر سپاس کاك دوکتور!**

**د.نەجمەدین کەریم:** سپاس بۆ ئێوەش. هەر سەرکەوتوو بن.

# کورد؛ خاوەنی ڕاستەقینەی نەورۆز

ن: ئارام برایم خاس

وەرگێڕان: زەردەشت ڕۆژهەڵاتی

نەورۆز جەژنی نەتەوەیی نەتەوەی کوردو هێمای لەمێژینەی سەرکەوتنی زۆرلێکراوان بە سەر زاڵمانی سەردەم دایە. لە مێژ ساڵە نەتەوەی کورد لە ژێر توندترین سەرکوت و توندوتیژی دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز، ڕێز لەم نەریتە کۆنەی باب و باپیرانی خۆیان دەگرن.

زیاتر لە ٤٠ ملیۆن مرۆڤ کە نەورۆز بە جەژنی نەتەوەیی خۆیان دەزانن، لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە هەڵپەڕکێ و کردنەوەی ئاگر، ئەم ڕۆژە گەورە جەژن دەگرن و بە ئاواتی کۆتایی هاتنی زستانی زوڵم و بێ عەداڵەتی، مزگێنی سەرەتای وەرزێکی نوێ لە ژیان دەدەن.

نەورۆزی ٢٧١٠ی کوردی هاتەوەو نەتەوەی کورد هەم لە بەشە ئازادکراوەی کوردستان واتە لە باشووری کوردستان و، هەم لە سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان کە تا هەنووکە لە ژێر چنگی زوڵم و زۆری داگیرکەران دان پێشوازییان لەم جەژنە کردو، بە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنە ڕێزیان لەم نەریتە لەمێژینەیەی خۆیان گرت تا هەموو خەڵکی دنیا بزانن کە نەورۆز ڕەمزی یەکیەتی و بەرخۆدان و سەرکەوتنی گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهانە.

بەڵام سەرەڕای ئەمەش، نەتەوەیەك کە نیشتمانەکەی وەك کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی لە نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دابەش کراوە، حاشا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز یادی دەکەنەوە) وەك ڕۆژێکی جیهانی بە فەرمی ناسی. لە نێو هەموو نەتەوەکانی جێی ئاماژە یونسکۆ، تەنیا ناوی نەتەوەی کورد نەهاتبوو



خاوەنداریێتی گەورەترین جەژنی نەتەوەیی لێ دەکرێ.

ماوەیەك لەمەوبەر ڕێکخراوی فێرکاری و کلتووری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراو بە یونسکۆ، نەورۆزی (کە بە وتەی ئەو ڕێکخراوە زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن مرۆڤ لە کە زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی دیکە خاوەنی ئەم جەژنە گەورەیە.

پرسیارێك کە لێرەدا دێتە ئارا ئەوەیە کە ئایا هیچ کام لە نەتەوەکانی ناوبراو بە ڕادەی نەتەوەی کورد گرنگی بە نەورۆز دەدەن و ڕێوڕەسمی ئەم ڕۆژە گەورە وەکوو کوردان بە شکۆو گەورەیی بەڕێوە دەبەن؟ ئایا هیچ کام لەو نەتەوانەی کە ئەم ڕێکخراوە ئاماژەی پێداون بە ڕادەی نەتەوەی کورد، بۆ بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆز قوربانیان داوە؟ بە پێی کام بەڵگەو فاکتی مێژوویی نەورۆز هی ئەو نەتەوانەیە؟

بێ گومان وڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە نێگەتیڤەو نەورۆزی ئەمساڵیش سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە. بە چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر بەڕێوەچوونی نەورۆز لە هەر چوارپارچەی کوردستان، ئەم ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.

**ڕۆژئاوای کوردستان:** بەڵێ کوردەکانی ژێر چەپۆکی ڕێژیمی بەعسی سوریە، سینگیان کردە قەڵغانی گوللەی خوێنڕێژانی فاشیستی سوریە، تا ئاگری نەورۆز لە م پارچەی وڵات هەروا بڵێسەدارو درەوشاوە بمێنێتەوە. شاری "ڕەقا" لەم پارچەی وڵات، لە بەهاری سەوزدا لە خوێندا شەلاڵ کراو چەند شەهیدی پێشکەش بە بارەگای کوردستان کرد؛ بۆ ئەوەی پەیامی نەورۆزو سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر هەمیشەیی بێ و ئاگری نەورۆزیش هەروا بڵێسەدار بمێنێتەوە.

**باکووری کوردستان:** لە کوردستانی ژێر چەپۆکی تورکیا کە گەورەترین پارچەی کوردستانە، وەك ساڵانی پێشوو بە شکۆیەکی بێ وێنە نەورۆزیان جەژن گرت تا لە درێژەی خەباتی بێ وچانی کورد لە باکووری کوردستاندا، ناوی شەهید مەزلوم دۆغان کە لەگەڵ ئاگری نەورۆز تێکەڵاو بووە، هەروا لە ناو دڵی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیەدا بە زیندوویی بمێنێتەوە.

میتینگ گەلی گەورەی سەدان هەزار کەسی لە شارەکانی باکووری کوردستان و تورکیا، کە لە هەموویاندا دروشمی شۆڕشگێڕانە دەدران و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانە دەخوێندران، جۆش و خرۆشێکی زیاتر لە جارانیان بەم ڕێوڕەسمانە بەخشیبوو.

ڕێوڕەسمی بەشکۆی نەورۆز لە شاری ئامەد کە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس تێدا بەشدار بوون، لووتکەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ئەم ڕۆژە پیرۆزە لە سەرتاسەری کوردستانی گەورەدا بوو.

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان:** خەڵکی ئەم پارچەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دایە، سەرەڕای سەرکوت، هەڕەشەو فشارگەلی جۆراوجۆر لە چەند هەفتە پێشەوە ئامادەکارییان بۆ بەڕێوەچوونی ئەم جەژنە نەتەوەییە دەکردو، بە بەشداریی بێوێنەیان لە ڕێوڕەسمی چوار شەممەسووریدا جەستەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندیان وەلەرزەخست و پێیان وتن کە نەورۆزی بەشکۆ بەڕێوەیە.

تەواوی شاروگوندەکانی کوردستان بە شێوەیەکی کەم وێنە، ڕێوڕەسمی نەورۆزیان بەڕێوەبرد و بە لە ئەولەوییەت هاویشتنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی، نەورۆزێکی جیاوازیان لە نەورۆزی نەتەوەی سەردەست بەڕێوە برد. بۆ نموونە لە شارێکی بچووکی وەك شنۆ زنجیرەیەکی مرۆڤ بە درێژایی چەند کیلۆمیتر پێکهاتبوو کە هەموو بەشدارانی ئەم حەرەکەتە سەمبۆلیکە، بە لەبەرکردنی جلکی جوانی کوردی، بایەخی نەورۆزیان لای کوردەکان وەبیرهێنایەوە.

شارەکانی دیکەی کوردستانیش وەکوو سەردەشت، مەهاباد، سەقز، سنە، مەریوان، کرماشان، ورمێ و ... نەورۆزی ئەمساڵیان لەوپەڕی شکۆدا بەڕێوە برد.

**باشووری کوردستان:** نەورۆز لە هەرێمی باشووری کوردستاندا کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆماڵی دایە، بەشێوەیەکی جیاواز بەڕێوە چوو. لە باشووری کوردستاندا خەڵك بەژن و پیاو، پیرو لاو، بە بۆچوون و مەزهەب و زاراوەی جۆراوجۆری خوجێیی، لەوپەڕی ئاشتی و هێمنایەتیدا، یەکدڵ و یەکدەنگ و بە لەبەرکردنی جلکی جوانی کوردی چوونە پێشوازی جەژنی نەورۆزو ئەم ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت.

بەڵێ ٤٠ ملیۆن کورد لە یەك کاتداو لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا نەورۆزیان جەژن گرت و کردیانە خاڵێکی وەرچەرخان لە درێژەی خەباتی مافخوازانەیان دا؛ نیشانیان دا کە بۆ بەڕێوەچوونی ئەم جەژنە نەتەوەییە لە گیانی خۆیان دەگوزەرێن بەڵام ئیجازەی کوژانەوەی ئاگری نەورۆز نادەن، خاونی نەورۆز زۆرتر لە هەموان نەتەوەی کوردە و کەس ناتوانێ حاشا لەم ڕاستیە مێژووییە بکا.

# بەرەی کوردستانی چەمکێکی گرفتار لە زیندانی بەرژەوەندییە حیزبییەکاندا

نووسینی: سامان فەقێ نەبی

وەرگێڕانی: هیوا

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی بەرژەوەندیە ڕێکخراوەییە تایبەتییەکان، تووشی زیانی قەرەبوو نەکراو بووە و نەیتوانیوە وزەو پوتانسیەلەکانی خۆی بە هۆی ئاڵۆزی و پرژو بڵاوی بپشکوێنێ.

لە هەلومەرجێکدا کە حیزبەکان و کەسایەتییە سەرانسەرییەکان لە ڕاستی توندڕەوەوە( سەڵتەنەتخوازان) تا چەپی ڕادیکاڵ( حیزبی کۆمونیستی کرێکاری) و، هەروەها تەیفێکی بەرین لە ڕێکخراوە میانەڕەوو بە ناو دێموکراتەکانی ئێران)" مافی دیاریکردنی چارەنووس" و تەنانەت بە کارهێنانی وشەی" نەتەوە" بە کوردان ڕەوا نابینن، حیزبە کوردستانییەکان لە قەفەسی قەیرانە یەك لە دوایەکەکاندا گرفتار بوون و هەروەها خەریکی دوور کەوتنەوە لە یەکترن.

لەحاڵێکدا هاوکاریی نێوان پارتە کوردەکان لە بوارە کردەیی و تێورییەکاندا وەك پێویستییەکی لە ڕۆژ ڕوونتری لێ هاتوەو، بوونی پێوەندیی ئۆرگانێك لە نێوانیان دا، بە پێویستیی ئەمڕۆی بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دادەنرێ. بەرژەوەندی بەرچاوتەنگانەی حیزبی لەسەر ڕێگای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکەکان و وێکهەڵکردنی ئەوان، بووە بە کۆسپێك.

ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی ئێران کە ئێستا لە تاراوگەدا دەژی و لەو پەڕی لاوازی و پەرتەوازی دایە، تا ئێستا سەلماندوویەتی کە لەگەڵ مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان دا نیە و ئامادە نیە ددانی پێدابنێ و ئەسڵی "مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەبندەستەکان" لە بەرنامەی سیاسیی ئەوان دا،جێگایەکی ئەوتۆی نیە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، هاوپێوەندیی نێوان حیزبە کوردەکان بە مەرجی بنەڕەتیی بەرەو پێشبردنی ناسیۆنالیزمی کورد دەژمێردرێ و، سەرنجی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی ئێران بۆلای ڕەهەندە بەرینەکانی پرسی کورد لە ئێران ڕادەکێشێ.

بەڵام لە هەلومەرجی ئێستا دا، حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان بە بیانووی بێجێ ڕێگای کانالیزەکردنی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان گرتوە.هۆکارو بیانووەکانی حیزبە کوردستانییەکان لە بواری دەستڕانەگەیشتن بەرێککەوتن بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، دەکرێ بەم جۆرە پۆلێن بکەین:

ــ تێ نەگەیشتن و خوێندنەوەیەکی نادروست لە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ـ دانانی قازانج و بەرژەوەندی حیزبی لە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوەیی

ـ لاوازیی فکری و تێکەڵکردنی ناکۆکییە شەخسی و عەشیرەییەکان لە پێوەندییە سیاسییەکاندا.

ــ تەسلیم بوون لە بەرامبەر هەلومەرجی ئارایی و نەبوونی ئیرادەی پێویست بۆلابردنی کۆسپەکان.

ـ نیگەرانیی حیزبە گەورەکان لە کەمبوونەوەی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان و دابەزینی کاریگەرییان لە داهاتوودا.

بە هەر حاڵ، هێندێك لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان، لە جیاتی داننان بە ڕۆڵ و توانای ڕێکخراوەکانی دیکە، ڕێگای دژایەتی و حاشالێکردنی ئەوانیان گرتۆتە بەرو پێیان وایە کە بەم جۆرە هەنگاوانە دەتوانن لە ڕەوایی و خۆشەویستیی ئەوان لەنێو خەڵکی کوردستان دا، کەم بکەنەوەو هەر لەو کاتە دا هێندێك لە ڕێکخراوە تازە دامەزراوەکانی کوردیش ،ڕێگای بێ ئیعتبار نیشاندانی حیزبە لە مێژینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان هەڵ بژاردووە و لەسەر ئەم بڕوایەن کە بە کەمکردنەوە لە رابردووی خەباتگێڕانەی ئەو حیزبانە، دەتوانن پێگەی خۆیان لەنێو خەڵك دا پەرە پێ بدەن.

لەسەر یەك ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەبیرمان چۆتەوە کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ کات نابێ بکرێتە فیدای بەرژەوەندیە حیزبییەکان.

کەشوهەوای سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێگومان ڕەنگ و بۆنی پلورالیستیی بە خۆوە گرتوەو تێ نەگەیشتن لەم چەمکە، دەبێتە هۆی نامۆیی حیزبەکان لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵك.

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان بە دروستی لەم ڕاستییە گەیشتوون کە پاسیڤ بوون وسستیی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا،لە نەبوونی یەکگرتووی لە نێوان پارتە کوردەکان و ڕێکنەکەوتنیان لەسەر ناکۆکییەکانیان و داخرانی دەرگای دیالۆگ و هاوکاری لەنێوان

> **تاکە ڕێگای دەرباز بوون لە قۆناغی ئێستاو بووژانەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، پێداچوونەوە و چاو خشاندنەوەی حیزبەکان بە هەڵوێستە ئیدئۆلۆژیك، مەزنیخوازانەو کورتبینانەکانیانە**

ئەوان دا، سەرچاوە دەگرێ. لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە بەرژەوەندی حیزبی شتێکی لاوەکییە و دەکەوێتە دەرەوەی داخوازە نەتەوەیی‌یەکانی ئەوان.

ئاشکرایە تاکە ڕێگای دەرباز بوون لە قۆناغی ئێستاو بووژانەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، پێداچوونەوە و چاو خشاندنەوەی حیزبەکان بە هەڵوێستە ئیدئۆلۆژیك، مەزنیخوازانەو کورتبینانەکانیانە. ئەم پێداویستییە دەبێ بخرێتە ریزی پێشەوەی بەرنامەکانیان. گومانی تێدا نیە کە گرتنەبەری میتۆدو شێوازی ورد، مونسیفانە و بەرزتر لە بەرژەوەندی حیزبی و شەخسی بە تایبەتی لەلایەن ڕێبەرانی حیزبەکانەوە، ڕێگا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەگکرتوو بە مەبەستی بەسیجی وزە و پوتانسیەلە ئاراییەکان دەکاتەوە.

لەم پێوەندییە دا پێویستە وەبیر بێنمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی پێکهێنانی ریفۆرم و چاکسازیی گونجاو لەگەڵ پێداویستی‌یە هەنووکییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان دا، دەبێ ئەم پێویستییە زیاتر لە پێشوو دەرك بکاو بە جیددییەتی زیاترەوە، جێبەجێی بکا. یەکێك لە هێڵە بنەڕەتییەکانی ڕێبازی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە کە" هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی ناسراو و سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دۆست و هاوخەباتی خۆی دەزانێ و هەوڵەکانی خۆی بە مەبەستی پێکهێنانی هاوهەنگاویی نێوان حیزبەکان بە مەبەستی گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش درێژە دەدا."

بەم پێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ هەر ڕێکخراوێکی نەیاری کۆماری ئیسلامی کە بۆ بەدیهێنانی داخوازە نەتەوەییەکانی کوردان هەنگاو دەنێ، بە دۆست و هاوخەباتی خۆی بزانێ و لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم خاڵە گرنگە دا، لە هیچ هەوڵێك درێغی نەکا و دادوەریی یەکجاری لەم پێوەندییە دا، بە خەڵکی کوردستان بسپێرێ.

راگەیەندراو:

# ماڵاوایی یەکجاریی فەرماندەری قارەمانی دێموکرات هاوڕێ عەبدوڵڵا شێنانی

پێشمەرگە فیداکارەکانی کوردستان!


تێکۆشەرانی دیموکرات!

خەڵکی پێشمەرگەپەروەرو ئەمەگناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

دیسان مەرگی ناوەخت، فەرماندەرێکی بەوەج و کادرێکی بەنرخی لێ ئەستاندین. عەبدوڵڵا شێنانی، ئەو پێشمەرگە و فەرماندەیەی شیوو دۆڵ و چیاو بەندەن و مووچەو هەوارو ڕێگاو دەراوی ناوچەکانی بانە، بۆکان سەقز و دیواندەرەو زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان بۆ ماوەی نزیك دوو دەیە تێکەڵ بە ئارەقەو قارەمانەتی و نەعرەتە و هەڵمەتی نەترسانەی بوون، دوور لە کوردستان و بە دنیایەك ئاواتی وەدینەهاتووە، ماڵاوایی یەکجاریی لێ کردین.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٤ی خاکەلێوەی١٣٨٩(٣ی ئاوریلی ٢٠١٠) هاوڕێی خۆشەویست عەبدوڵڵا شێنانی کە لەمێژ ساڵ بوو لەگەڵ ئازارو نەخۆشی لە بەربەرەکانی دابوو، لە نەخۆشخانەیەك لە شاری ترۆندهایمی نۆرویژ، کۆچی دوایی کرد.

عەبدوڵڵا شێنانی، ساڵی ١٣٣٣لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێشی گوندی شێنانی ناوچەی مەیدانانی بانە هاتبووە سەر دنیا. لە بەر نەداری و دەستکورتی بنەماڵەکەیان نەیتوانی بچێتە قوتابخانە. هێشتا هەر مێرمنداڵ



بوو کە ڕووی کردە کرێکاری و بۆ پەیدا کردنی کار، ڕووی لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان کرد. ساڵانێکی زۆر لە شارەکانی ئێران کرێکاری کرد و خەریکی پەیدا کردنی بژیوی بنەماڵەکەیان بوو. پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە هۆی قبووڵ نەکردنی زوڵم و زۆر و بێگار، لەگەڵ دەرەبەگەکانی ناوچەی مەیدانان بە تایبەتی دەرەبەگەکانی گوندەکەی خۆیان بە دایم لە کێشەو بەربەرەکانی دابوو. ساڵی ١٣٥٨، لە لکی ٢ی هێزی شەهیدانی وێردی کە دواتر بە هێزی ئاربابا ناودێرکرا، بوو بە پێشمەرگەو هەتا ساڵی ١٣٦٤، وەك پێشمەرگە، سەرپەل و سەرلك لە ناوچەی بانە خزمەتی کرد. ساڵی ١٣٦٤ بۆتێکۆشانی حیزبی و خزمەتی پێشمەرگایەتی ڕووی کردە ناوچەی بۆکان و بۆ ماوەی ٣ ساڵ وەك جێگری لك و سەرلك لە هێزی بەیان ئەرکی پێشمەرگایەتیی بەڕێوە برد. لەسەر داوای دەفتەری سیاسی ساڵی ١٣٦٧ گەڕایەوە کۆمیتەی شارستانی بانەو وەك فەرماندەری هێز، لە هێزی ئاربەبا دەست بە کار بۆوە. هەرچی ئەزموونی فەرماندەریی عەبدوڵڵا شێنانی دەوڵەمەندتر دەبوو و، لێهاتوویی زیاتری لە خۆی نیشان دەدا، چاوەڕوانیی حیزبەکەشی لەو زیاتر دەبوو. بۆیە بە دوای شەهید بوونی فەرماندەی حەماسە خوڵقێن وەستا ئەحمەدی کوهگەرد دا، ئەرکی سەرپەرستیی هێزی بەیانی پێ سپێردرا و لە ساڵی ١٣٦٨ەوە تا ١٣٧١ی هەتاوی، فەرماندەریی ئەم هێزە پڕ شانازییەی بە لێوەشاوەییەوە ئەنجام دا. عەبدوڵڵا شێنانی کە هەر چەشنە خزمەتێك بە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی نەتەوەکەی بۆ خۆی بە شانازی دەزانی و هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ ئەو خۆشەویست بوون، ساڵی ١٣٧٢ بە خۆشحاڵییەوە داوای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی قبووڵ کردو، فەرماندەریی هێزی ٢ی ڕێبەندان لە کومیتەی مەڵبەندی ٢ی گرتە ئەستۆ. فەرماندەری لێهاتوو عەبدوڵڵا شێنانی لەمەودوا ناوچەکانی سەقزو دیواندەرەی کرد بە مەڵبەندو مەیدانی دەست لێوەشاندن و ڕاونانی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی .

هاوڕێ عەبدوڵڵا شێنانی، هەر تەنیا فەرماندەرێکی قارەمان و لێهاتوو نەبوو، بەڵکوو کادرێکی تێگەیشتوو، خەڵکی و خەڵکدۆستیش بوو. ئەو کە بەداخەوە پێشتر نەخوێندەوار بوو لە پێشمەرگایەتی و حیزبی دێموکرات دا فێری خوێندەواری بوو. لە مەکتەبی دێموکرات و لە ئامێزی پڕ لە مێهرەبانیی خەڵکی کوردستان دا، خۆی پێ گەیاند. بە ڕاستی مرۆڤێکی خۆ دروستکەر بوو. شێنانی، بۆ پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەریی خۆی، وەك برا و باوکێکی دڵسۆز وابوو. بەرامبەر بە خەڵکی حیزبدۆست و پێشمەرگەپەروەریش، ئینسانێکی خاکەڕاو سەمیمی بوو و قەدری خۆشەویستیی بێ سنووری ئەوان هەمبەر بە پێشمەرگەی دەزانی. لەگەڵ حیزبەکەی و نیشتمانەکەی و نەتەوەکەی دەست و دڵ و داوێن پاك بوو، ئەوانی تا ڕادەی پەرەستن خۆش دەویست و لە پێناوی خزمەتی ئەوان دا، ئامادە بوو نەك هەر دووری و دابڕانی پەیتا پەیتای هاوسەرو جگەرگۆشەکانی قبووڵ بکا، بەڵکوو لە گیانبەختکردن و مەترسیی بەجێهێشتنی بەیەکجاریی ئەوانیش، نەدەسڵەمییەوە.

ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی، کاك عەبدوڵڵا تووشی نەخۆشییەکی سەخت بووو، ئەم نەخۆشییە لە پێی خست. لێرە بە دواوە لەگەڵ چەند جار نەشتەرگەری و ئێش و ئازاری بەردەوام بەرەورو بوو و نەخۆشخانە بوو بە ماڵی دووهەمی. سەرەنجام ساڵی ١٣٨٠، لە وڵاتی نۆرویژ گیرسایەوە کە دیارە لەوێش بەردەوام لە ژێر چاوەدێریی پزیشك دابوو و تا کاتی مردن لەگەڵ نەخۆشی و ئازار، هاوڕێ و یەکماڵ بوو.

پێویستە بگوترێ برایەکی کاك عەبدوڵڵا بە ناوی سەعدون، کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو، ساڵی ١٣٦٥ لە سەر قووڵی بانە، شەهید بوو. بۆ خۆشی سەرەڕای ئەوەی بەدەیان و سەدان جار لە یەك میتریی مردن گەڕابۆوە، دوو جار لە شەڕدا بریندار ببوو. بەڵام نە ئەم جۆرە مەترسییانە و نە تەنانەت نەخۆشیی بێ عیلاج، نەیانتوانی بۆ ساتێك خۆشەویستیی کوردستان و باوەڕی قووڵ بە ڕزگاریی گەلی کورد، لای کاك عەبدوڵڵا لاواز و کەم ڕەنگ بکەنەوە.

بە کۆچی دوایی عەبدوڵڵا شێنانی، حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد، یەکێك لە موخلیسترین، زەحمەتکێشترین و ڕاستگۆترین تێکۆشەرانی خۆیان لە دەست دا.

حیزبی ئێمە لە حاڵێك دا شانازی بە بوونی تێکۆشەران و فەرماندەرانی بەنرخی وەك عەبدوڵڵا شێنانی لە ڕیزەکانی خۆی دا دەکا، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم ڕۆڵە بە خزمەت و قارەمانە، لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشی لە هاوسەرو کچ و کوڕەکان و ئەندامانی بنەماڵەکەی دەکا و هاودەردیی قووڵی خۆی بە کەسوکاری کاك عەبدوڵڵا ، تێکڕای تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، خەڵکی شێنان و بانە و ڕۆژهەڵات کوردستان بە گشتی ڕادەگەیەنێ.

سڵاو لە گیانی پاکی تێکۆشەری دێرین و پێشمەرگە و فەرماندەری ڕۆژە سەختەکان عەبدوڵڵا شێنانی.

بەردەوامی بۆ ڕێگای نەمر عەبدوڵڵا شێنانی و هەموو شەهیدانی کوردستان.

بە ئاوتی وەدیهاتنی ئاواتی وەدینەهاتووی کاك عەبدوڵڵا، ڕزگاریی کورد و کوردستان لە ژێر دەستی

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٩**
**٢٠١٠/٤/٤**

# کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نا ؟!

**ن: ڕەحمان سەلیمی**

**وەرگێڕان: حەسەن شێخانی**

هێشتا پەنجا ڕۆژ لە ڕووخانی ڕێژیمی شاو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تێنەپەڕیبوو کە کۆمەڵێك لە ئاخوندە توندئاژۆکان بە ڕێبەریی خومەینی، ڕاپرسییەکیان بەڕێوە برد کە کۆمەڵێك کەموکووڕیی جیددی هەبوو. ڕاپرسییەك کە ڕواڵەتی حقووقیی دەدا بە چەشنی حکوومەتی داهاتووی ئێران.

ڕاپرسی، مێتۆدێکی دێموکراتیکە بۆ گەڕانەوە بۆ دەنگی گشتیی خەڵك و، چەشنێك دێموکراسیی ڕاستەوخۆیە لە پێناوی بە فەرمی ناسینی مافی چارەی خۆنووسین و ڕێزگرتن لە مافی دەسەڵاتدارەتی خەڵکدا. ئەم مافە لە زۆربەی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان وەکوو: جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، قانوونی بنەڕەتی وڵاتانی دێموکراتیك و پێشکەوتوو، ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهان بە فەرمی ناسراوە.

بەم پێیە خودی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕاپرسی لە لایەن دەوڵەتی کاتی و بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینی، بە ڕواڵەت هەنگاوێك بوو لە پێناوی پراکتیزە کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵك دا؛ بەڵام بە تێڕامان لە لایەنەکانی ئەم مەسەلەیە، دەتوانرێ هەڵسەنگاندنێکی وردبینانەتر بخرێتە ڕوو.

شۆڕشی گەلانی ئێران لە هەلومەرجێکدا بە سەرکەوتن گەیشت کە کۆمەڵگەی ئێران لە ڕووی گەشەی سیاسییەوە، لە ئاستێکی نزمدا بوو. حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران نەیانتوانیبوو ڕۆشنگەرییەکی ئەوتۆ لە نێو خەڵکدا بکەن. لەم هەلومەرجەدا تەنیا فاکتەری هاندەرو بەرەوپێش بردنی سەرهەڵدانی خەڵك، سەرەڕۆیی شاو نەبوونی عەداڵەتی ئابووری بوو. هیچ کات جۆری حکوومەتی داهاتووی ئێران لە دروشمەکانی خەڵکدا ڕەنگدانەوەی نەبوو. لە ڕاستیدا خەڵکی ئێران بیریان لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا نەدەکردەوەو، ئەم مەسەلەیە بوو بە هۆی هاتنە سەرکاری حکوومەتێك کە تەنیا هەژاری و بەدبەختیی بۆ خەڵك بە دیاری هێنا.

هەنووکە ٣١ ساڵ لە بەڕێوەچوونی ڕاپرسیی خەڵك خەڵەتێنی ساڵی ٥٨ تێدەپەڕێ. هەڵسەنگاندنی ڕەفتارو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا پێویستییەکی هەنووکەییە. دەتوانرێ بگوترێ سەرەکیترین دروشمی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە "سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری ئیسلامی". هەر سێ بەشی ئەم دروشمە شایانی لێ وردبوونەوەن و دەتوانین لەم دروشمە وەك پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و کردەوەی کۆماری ئیسلامی کەڵك وەربگرین.

**سەربەخۆیی**

سەربەخۆییخوازیی هۆکارو هاندەری زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان لە سەدەی بیستەم دا بوو، ئەمەش ئاکامی ڕقی پەنگ خواردووی سەدان ساڵەی نەتەوەکان بوو لە ستەم و چەوساندنەوەیەك کە کۆلۆنیالیزم پێی ڕەوا بینیبوون.

گەلانی ئێرانیش وڵاتەکەیان وەکوو کۆلۆنیی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو کات دەبینی و بەم پێیە خوازیاری سەربەخۆیی وڵات و ڕزگاربوون لە چنگ کۆلۆنیالیزم بوون. خەڵکی ئێران لە شەپۆلی یەکەمی سەربەخۆییخوازی لە سەردەمی دوکتۆر موسەددیق دا شکستیان خواردو هۆکاری ئەم شکستەش وڵاتانی ئەمریکاو بریتانیا بوون. بەم هۆیە لە پرۆسەی خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی دا، ئینتمایەکی بەهێزی سەربەخۆیی خوازیی لە نێو خەڵکی ئێراندا بەدی دەکرا.

بەڵام پرسیارێك کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە سەربەخۆیی ئێران تا چ ڕادەیەك دابین بووەو خەڵکی ئێران تا چ ڕادەیەك لە وەدیهێنانی ئەم داخوازییەیان دا سەرکەوتوو بوون؟ بە دەربڕینێکی باشتر ئایا کۆماری ئیسلامی ئەم بەشە لە دروشمی سەرەکی خۆی لە سەرەتای شۆڕشدا وەدی هێناوە؟

لە ڕابردوودا چەمکی سەربەخۆیی لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆلۆنیالیزم دا پێناسە دەکرا. ئەو وڵاتانەی سنوورەکانی خۆیان لە کارتێکەریی دەوڵەتە بیانییەکان دەپاراست و ڕێگەیان لە دەست تێوەردانی بەربڵاو و یەکلایەنەی ئەوان دەگرت، بە سەربەخۆ دەژمێردران. بە پێی ئەم پێناسەیە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی جیهان بە سەربەخۆ دەژمێردران. بەڵام واتای ئەم چەمکە لەمڕۆدا گۆڕانی بە سەردا هاتووە. ئاسوودەیی گشتی، ئاسایشی ئابووری و حەرەکەت کردن لە ڕاستای تەکووزیی جیهانی دا، لەو فاکتەرانەن کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەربەخۆیی وڵاتانی دنیادا هەیە.

بەم پێیە کۆماری ئیسلامی سەربەخۆیی ئێرانی دەستەبەر نەکردوە. هەژاری، قەیرانگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی ئاژاوەگێڕانەی ڕێژیم لە ناوچەکەو جیهاندا، دژایەتی لەگەڵ جیهانی مودێرن و تەریککەوتنەوە لە دنیادا، لە دوای ٣١ ساڵ لە سەقامگیری ڕێژیم، نیشاندەری وەدینەهاتنی دروشمی سەربەخۆیی ئێرانە.

**ئازادی**

ئازادی لەو چەمکانەیە کەلەگەڵ سەربەرزی و کەرامەت و حورمەتی مرۆڤ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە. ئازادیخوازی یەکێك لە ئامانجەکانی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی جیهانە. شۆڕشی ٥٧ یش ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران بوو. ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان وەکوو: ئازادیی زمانی زگماکی، ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی پێکهێنانی حیزب و کۆبوونەوە لە بنەڕەتیترین مافەکانی مرۆڤ لە دنیای ئەمڕۆدا بە ئەژمار دێن. کۆماری ئیسلامییش بەم دروشمە هاتە نێو بیاڤی سیاسیی ئێران.

بە چاوخشاندنێك بە سەر پەروەندی ئێران لە بابەتەکانی ئاماژە پێدراودا، شاهیدی سەرکوتی هەموو ئازادییەکانی ناوبراوین. بە چەشنێك کە زۆر جاران ئێران لە لایەن بەرزترین ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانییەوە مەحکووم و شەرمەزار کراوە.

**کۆماری ئیسلامی**

هەرچەند دروشمی کۆماری ئیسلامی لە دوایین مانگەکانی بەر لە شۆڕش، لە لایەن هێندێك لە ئاخوندەکانەوە دەدراو تەنانەت ئایەتوڵڵا خومەینی لەو وتووێژانەی کە لە نۆفل لۆشاتۆ لەگەڵ ڕاگەیەنەکانی ڕۆژئاوایی ئەنجامی دابوو، هیچ کات ئەم دروشمەی وەکوو ئالترناتیڤی حکوومەتی شا نەهێنا بۆوە ئارا. بەڵام ناوبراو لە دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، لە ژێر کاریگەری ئاخوندە توند ئاژۆکاندا ڕایگەیاند کە "کۆماری ئیسلامی نە وشەیەك کەم و نە وشەیەك زیاد". بەم پێیە خەڵکی ئێران لە ڕاپرسییەکدا بەشدارییان کرد کە نموونەکەی لە هیچ جێیەکی جیهاندا نەبینرابوو.

بێزاری لە سیستمی پاشایەتی، ئەتمۆسفێری شۆڕشگێڕانەو ورووژان و تامەزۆریی سەرچاوەگرتوو لە شۆڕش، وایکرد زۆربەی خەڵکی ئێران (بێجگە لە کوردەکان) دەنگ بەم سیستمە سیاسییە نوێیە بدەن.

وشەی کۆماری کە بە واتای دەسەڵاتدارەتیی خەڵك بە سەر چارەنووسی خۆیان دایە، بەس بوو بۆ ئەوەی کە خەڵکی ئێران ریسك بکەن و وەکوو ڕێژیمی داهاتووی خۆیان قبووڵی بکەن.

کۆماری ئیسلامی دەستەواژەیەکی پارادۆکسیکاڵە. بەرە بەرە لە بەشی کۆماریی ئەم دروشمە تەنیا ناوێك مایەوەو پرینسیپی غەیرە دێموکراتیك و دژە کۆماریی وەلایەتی فەقیە بە سەر خەڵکدا سەپاو قۆناغێکیتر لە دیکتاتۆری باڵی ڕەشی بە سەر ئێراندا کێشا. بۆ هەموو لایەك ڕوون بۆوە کە پارادۆکسی نێوان حکوومەتی کۆماری و ئیسلامی بوون کە کوردەکان لە سەرەتاوە (بە ڕێنوێنی و ڕۆشنگەری حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان) بۆیان دەرکەوتبوو، پارادۆکسێکی جەوهەرییە کە لەگەڵ دێموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان دژایەتی هەیە.

خوێندنەوەی کۆنەپەرستانەی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان لە کۆماری ئیسلامی و، کەمتەرخەمی و تەنانەت تەسلیم بوونی هێزەکانی ئەرکتیڤی ئەو سەردەمە، زەمینەی هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆش کرد کە کۆمەڵگەی ئێرانی گرفتاری سیستمێکی تۆتالیتێر کردو لەگەڵ پرۆسەیەکی بەرەو دواوە گەڕان بەرەوڕووی کرد.

بەشی ئیسلامی ئەم دروشمە بە تێکڵاو بوون لەگەڵ خوێندنەوەیەکی دواکەوتووانە لە ئیسلام، کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو دژایەتی کردنی دین هان دا. کۆمەڵگەیەك کە هەنووکە زیاتر لە هەمیشە لەو خوێندنەوەیە بۆ ئیسلام بێزارە. خەڵکی ئێران بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە لە سرودی پێشووی کۆماری ئیسلامی دا هاتبوو کە "هەم دین و هەم دنیا بە ئێمە دەدا"، هەم دین و هەم دنیاشیان لێ خەرا بوو.

# روانینێك بۆ خەباتی ژنان لە کوردستانی ئێران

گوڵرۆخ قوبادی (بەشی سێهەم و کۆتایی) وەرگێڕان بۆ کوردی: ئازاد



**ئەزموونەکانی ئەم خەباتە**

روانینێکی کورت بە سەر ئەم خەباتە نیشانی دا کە وێڕای فیداکاریی خەباتکارانی ئەم ڕێگەیەو هەڵبژاردنی ئیدیۆلۆژی مارکسیستی و یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی، دیسان ویست و داخوازییەکانی ژنان دوای ساڵانێکی دوورو درێژ لە ژێر چەتری کۆمەڵێك خواستی دیکە داپۆشراوە. ڕێکخراوەکان وێڕای باوەڕو هەوڵی دروستیان بۆ نەهێشتنی ستەمی رەگەزی و دەیان نابەرامبەری دیکە، وەدیهاتنی ویستەکانی ژنان تەنیا بە نەهێشتنی ملکایەتیی تایبەت و دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی وەدوا خستوەو بە نیسبەت خەباتی ژنان، زەق کردنەوەی ویستەکانیان، و دامەزراندنی ڕێکخراوی پێوەندیدار کەمتەرخەم بوون. ئەگەرچی خەبات بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای سوسیالیستی لە خۆیدا بۆ رزگاریی مرۆڤ دروست و حاشا لێ نەکراوە، بەڵام لە راستیدا بۆ گەیشتن بەم کۆمەڵگایە ڕێگای دوورو درێژ لە پێشدایەو لەم ڕێگەیە بە دروستی کەڵك وەرنەگیراوە. ئەم راستییانەو گوشارو سەرکوتی کۆماری ئیسلامی وایکردوە کە وێڕای هەوڵی بێ درێغی ژنان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیانن هێشتا لە سەرەتای ڕێگەدایە. و لە هەر گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکدا ویستەکانیان کەوتۆتە پەراوێزو بۆ دواتر، دواخراوە. سەرباری ئەمانە لە کوردستانداو بە هۆی بوونی ستەمی نەتەوەیی، ستەمی رەگەزی لەبەر چاو نەگیراوەو وەك ستەمی "مضاعف" بە فەرمی نەناسراوە. ژنانی کورد وەك توێژەکانی دیکەی گۆمەڵگای کوردستان کەوتوونەتە بەر ستەمی "مضاعف".


نەبوونی ئاشنایی دروست لە کۆمەڵگای کوردستان هۆکارێکە کە نەتوانین لە تایبەتمەندی و ڕێگاچارەکانی خەباتی بزووتنەوی ژنان تێبگەین. لێرەدا دەمهەوێ سەرنجی ئەو کەسانە بۆ ئەوە رابکێشم کە لە سەر ئەو باوەڕەن کە زەقکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییانە (فەرق و جیاوازییەکانی بزووتنەوی ژنانی کوردستان) دەبێتە هۆی جیاوازیی و ناتەبایی لە نێوان خەباتی ژنانی کوردو ژنانی ئێران و جێهان، کە بە باوەڕی من زەقکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی خەبات لەو ناوچەو کۆمەڵگا جیاوازەکان نە تەنیا نابێتە هۆی دووبەرەکیی و جیاوازی، بەڵکوو دەبێتە هۆی گەیشتن بە شیکارییەکی دروست و پەیداکردنی ڕێگەچارەی تایبەتی و بەرەوپێشچوونی خەباتێکی یەکگرتووانەتر.

لەم ساڵانەی دواییداو بە دوای گەشەکردنی خەباتی ژنان و ئاشنابوون بە مافەکانیان، ڕێکخراوە دێموکراتییەکان لە سەر ویستی ژنان پێك هاتن.ئەگەرچی ئەم ویست و داخوازییانە هێشتا سەرەتایی و لە ئاست ئاڵوگۆڕی هێندێك یاسای دەوڵەتی دایەو بە ویست و داوا بنەڕەتییەکان نەگەیشتوە، بەڵام تا ئێرەش هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی ئەم بوارە پیشاندەری ئەوەیە کە بە نرخی گیران، ئەشکەنجەو تەنانەت پێشکەشکردنی گیان وماڵیان بووە. بە دڵنیاییەوە نە ئەم داخوازیانەو نە هیچ داخوازییەکی دێموکراتیك بە بوونی کۆماری ئیسلامی نایەتەدی.

بەڵام تەواوی ئەم هەوڵ تێکۆشانانە لە وشیارکردنی چین و توێژەکان و لەقاودانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی کاریگەری بەرچاویان بووەو دەبێ. لێرەدا نابێ رۆڵی بەرچاوی پیاوان و بەتایبەتی پیاوانی وشیارو خەباتکار لە خەبات دژی بیرو باوەڕی دواکەوتووانەو پیاوسالارانە لە بەر چاو نەگرین کە تا ئێستاو لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم خەباتە کاریگەری بەرچاویان بووە، چونکە بە بێ هاوڕێی و هاریکاری ئەوان و نەبوونی ڕێکخراوەکانی دیکەی خەبات، خەباتی ژنان بە ئاکام ناگا.

لەتبوون و دابڕان لە نێوان ڕێکخراوە چەپەکانی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا، ئەگەرچی لە خۆیدا نیشانەی پەرەپێدانی بیرو را و بۆچوونە جۆراوجۆرەکان و گەشەکردنی کۆمەڵگادایەو دەیتوانی هۆکارێك بێ بۆ خۆشکردنی گەشەکردنی بیرو باوەڕی نوێ و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی نوێی خەبات بێ. بەڵام بەداخەوە، بووە هۆی پرش و بڵاوی و یەك نەگرتووی نێوان خەباتی حیزبەکان و توێژەکانی خەڵك و هەروەها ڕێکخراوەکانی ژنان و لە کۆتاییدا لە پەرتەوازەیی خەباتی ژنان شوێندانەر بووە. ئێستا ژنان زیاتر لە هەر دەرفەتێکی دیکە پێویستیان بە ڕێکخراوی تایبەت بە ویست و داخوازییەکانی خۆیانن. ئەم داخوازییانە لە سەر بناخەی پێداویستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگاو ویستی ژنان بێتە ئاراوە.لە شۆڕشێکی دیکەو دەسەڵاتێکی دیکەدا دەبێ ژنان خاوەن بەرنامەو ویستی تایبەت بە خۆیان بن و هەر لە ئێستاوە بانگەشەی بۆ بکەن و بیانکەن بە زانیاریی گشتیی خەڵك و بەتایبەت ژنان. چونکە وشیاری فێمێنیستی و گەشەکردنی خەباتی ژنان لە قۆناغێك دایە کە دەکرێ ئەم چاوەڕوانییە لە چالاکانی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان بکرێ و چاوەڕوانی بەرنامە وپلاتفۆرمی ئەوان بین.

لە کۆتاییدا ژنانی کوردستان خاوەن ئەزموون و مێژووی خەباتی تایبەت بە خۆیانن و لە ڕێگەدا چالاکان و ڕێبەرانی زۆر پەروەردە بوون. کوردستان بە پێی ستەمی نەتەوەیی و رەگەزی و دواکەوتویی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری خاوەن تایبەتمەندی خەباتی خۆیەتی و خوازیاری هەوڵی تێکۆشەران و چالاکانی ئەم بوارە بە دەست نیشان کردنی داخوازییەکان خۆیەتی. ئەم بزووتنەوەیە وەك بەشێك لە خەباتی ژنان لەگەڵ چین و توێژەکانی دیکەی ئێران هاوچارەنووس و بەشێکی دانەبڕو لەم خەباتەیەو تا رووخانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە کۆمەڵگای ئازاد و دێموکرات تێ دەکۆشێ. لەلایەکی دیکەوە بە هۆی هاوچارونووسی خەبات، ژنان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، دەست لە دەستی ئەم خەباتەدایە.



# درۆ کردن

کوێستان فتووحی

راستگۆیی گرنگترین تایبەتمەندیی ئەخلاقی مرۆڤە. لە فەرهەنگی هەموو کۆمەڵگەیەکی بەشەرىدا درۆ دیاردەیەکی ناشایستە. بەڵام سەرەڕای ناشایست بوونی ئەم دیاردەیە، کەچی یەکێکە لە ئاڵقە نەپساوەکانی زنجیری ژیانی رۆژانەی زۆربەمان. ئەگەر چاوێك بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەی خۆمان دا بخشێنین، دەبینین سەرەڕای ناپەسند بوونی درۆ لە فەرهەنگی ئێمەدا، دیسانیش ئەم سیفەتە لە زۆر وتە و رەفتاری بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکاندا دەبینرێ.

هۆکاری جۆراوجۆر هەیە بۆ سەرهەڵدانی درۆ لە کۆمەڵگەیەك دا. ریشەی درۆ کردن بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی دەسەڵات و قانوون لە وڵات دا. نەبوونی قانوونێکی دادپەروەرانە و نەبوونی پێوەندییەکی سادقانەی کۆمەڵایەتی، وای کردوە مرۆڤەکان بۆ داپۆشینی هێندێك لە راستییەکانی ژیانیان پەنا بۆ درۆ کردن بەرن. یان دەسەڵاتبەدەستان بۆ مانەوەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان درۆ لە گەڵ خەڵك بکەن . درۆ لە وڵاتیکی وەك ئێران و زۆر لەو وڵاتانەی دیکتاتۆری و فەرهەنگێکی دواکەوتووانە بەسەر پێوەندییەکاندا زاڵە، بۆتە لایەنێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئینسانەکان. بەڵام لەهەرحاڵ دا گرنگترین زیان و ئاکامەکانی درۆ، چەسپاندنی بێ بڕواییە لە کۆمەڵگەدا.




بڕوا گرنگترین سەرمایەی فەرهەنگی و لایەنێکی سەرەکیی پێوەندیی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەر مرۆڤێکە. کەسێك کە درۆ دەکا و بە درۆزن ناو دەردەکا ، لە نێو کۆمەڵگەدا بڕوای پێ ناکرێ. زۆربەی ئەو کەسانەی درۆکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانیان، زۆر جار تووشی تێکچوونی باری دەروونی دەبن. یان تووشی زمانلووسی و پێداهەڵگوتن دەبن.

مرۆڤ کاتێك لە تانە و لۆمە و سزا دەترسێ، هەمیشە لە پێوەندییەکانیندا لەگەڵ هەست و دەروونی خۆی ناڕاستە، یان تەعاروفاتی بێجێ لە خۆی نیشان دەدا. هەر مرۆڤێك ئەگەر لەگەڵ خۆی ناڕاست بوو بەدڵنیاییەوە لەگەڵ دەوروبەریش ناڕاستە.

کەسایەتییەکی گەورە دەڵێ: مرۆڤی درۆزن، سادق نیە، کەسێکیش کە سادق نەبوو بۆ دۆستایەتی نابێ.

بەڕاستی ئەمە قسەیەکی زۆر راستە. بۆچی عەیب و ئیرادەکانی خەڵك لە پشت سەری خۆیان دەڵێین؟ بۆچی ئەگەر کەسێکمان خۆش ناوێ یان خۆشمان لێی نایە لەلای خۆی بە شان و باڵی دا هەڵدەڵێین؟ بۆچی بۆ ئیسباتی قسەکانمان بەردەوام سوێند دەخۆین؟ چونکە لەگەڵ یەکتر راستگۆ نین. چونکە بڕوامان بە یەکتر نیە.

هەمووومان لە گەڵ ئەو جۆرە کەسانە رووبەروو بووینەتەوە کە بەردەوام لە کاتی قسە کردندا سوێند دەخۆن، دەزانن بۆ؟ چونکە ئەو کەسە یان ناڕاستی لە قسەکانىدا هەیە و خۆی دەزانێ کە بڕوای پێناکرێ، یان خۆی باوەڕی بەو کەسە نیە کە قسەی بۆ دەکا. لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێداهەڵگوتن و تاریفی بێجێ نیشانەی رێز و حورمەت گرتنە، لە گۆمەڵگەیەکدا کە بێدەنگی لە ئاست قسەیەکی ناڕاست و ناڕەوادا نیشانەی رێز گرتنە، ئینسانەکان زۆر بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ درۆ دەگونجێنن.

پرۆفیسۆر حوسێنی باقر، کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ، لە وتووێژێك دا دەڵێ: بۆ ئەوەی مرۆڤ راستگۆیی بخاتە لاوە و فێری دۆرکردن ببێ، چەندین هۆکار هەیە: ١ـ مەسەلەی کەسوکار ٢ـ رەفتاری دایك و باب ٣ـ رەفتاری کەسایەتییەکان لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن ٤ـ رەفتاری کۆمەڵگە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ کۆمەڵگە بە شیوەیەکی گشتی لەسەر تاکەکان کاریگەری جۆراوجۆر دادەنێ. لە بواری ئابووریدا کاتێك کەسێك دەستی راناگا بە نیاز و پیویستیەکانی، تووشی گیروگرفتی تایبەتی دەبێ، پەنادەباتە بەر درۆ کردن.

یان لە روانگەی سیاسییەوە دەسەڵات نادادپەروەر و دڵڕەقە بەرامبەر بە خەڵك، یان کاتێك دایك و باب لەگەڵ منداڵەکانیان توندوتیژن، کاتێك لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن بەڕیوەبەران و مامۆستایان رەفتاری توندوتیژ بەرامبەر بە هەڵەی منداڵان و گەنجان لە خۆیان نیشان دەدەن، ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان پەنا بۆ درۆکردن بەرن تاکوو لە دەست سزا و لۆمە و تانە رزگاریان بێ.

هۆکاری چەسپاندنی ئەم دیاردەیە و پەرەسەندنی: کاتێك بەرپرسان قسەیەك دەکەن و بەپێچەوانەی قسەکانیان عەمەل دەکەن، کاتێك دایك و باب لەگەڵ منداڵەکانیان، ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر، منداڵ لەگەڵ گەورەکانیان، ناڕاستن هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا ئەوندە ئەو شتانە دووبارە ببنەوە، ئەم سیفەتە ببێتە شتێکی ئاسایی و، ناشیرینی و ناشایستی خۆی لەدەست بدا و تێکەڵاوی ژیان ببێ. بەداخەوە ئەم سیفەتە ناشیرینە (درۆ) زۆر بە ئاسانی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دا جێی گرتوە و رۆژانە بەسەدان و هەزاران کەس و لایەن درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن، واتە قسەی ناحەق دەبێتە حەق بەبێ ئەوەی شەرمی لێ بکەن.

کۆمەڵگەیەك کە درۆی تێدا باوە، کۆمەڵگەیەکە پڕە لە لادان و زیانە کۆمەڵایەتییەکان و دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە. بە بڕوای من سەرەتای هەر شەڕو کێشە و لادان و زیانێك لە کۆمەڵگەدا لە درۆ و بێبڕواییەوە سەرچاوە دەگرێ.

# دیمانەیەك لەگەڵ شاعیر دڵشاد میراودەلی

دواندن: رەسووڵ سوڵتانی

***مرۆڤ لە هەموو زەمەنێکدا لە هەموو تەمەنێکدا ئینتیمای بۆ نیشتمان وەکـو یـەك نییـە. هەرچـەندە مرۆڤەکانی نیشتمان و خاکەکەی ناشێت ئاوێتەی یەکتر بکرێن.***



دڵشـاد میراودەلـی، لـە سـاڵی ١٩٩٧ـەوە تێکەڵاوی دنیای شێعر بووە. بۆ یەکەمجار لـە پاشکۆی رۆژنامـەی خەباتـدا شـێعری بـڵاو کردووەتـەوە. خـۆی دەڵێـت بـە دەیـان کـۆڕە شـێعریان لـە سەنتەرە جیا جیاکانی کوردستان بـۆ گرتوومـە. یەکـەم نۆبـەرەی شێعری دڵشـاد میراودەلـی سـاڵی ٢٠٠٤ بـڵاو بووەتـەوە. ئـەو کـۆ شیعرە ناوی (تریفەی غوربەت)ـە و لـە فیسـتیڤالی ئەمسـاڵی وەزارەتـی وەرزش و لاوانـدا بـە قەسـیدەیەك بەشـدار بـووە و خـەڵاتی دووهـەم کەسـی بردووەتـەوە. ئێستاش کتێبێکی بـە CDییـەوە ئامـادە بـڵاو کردنەوەیە.

**پ:یەکـەم جار چۆن و لـە کوێ میوانـداریت لـە شیعر کـرد؟ یان باشـترە بڵـێین شـیعر بـوو بـە خانەخوێی تۆ؟**

و: مـن یـەکیکم لـەو مرۆڤانـەی سروشـتم وایـە زۆر ئـارزووی خۆناسـاندنم نییـە. ئەمـە لـە کاتێکدایە ناکرێت خۆت نەناسێنیت. بـە دیـدی فەلسـەفە خۆناسـین گرنکترین رووداوە، لە ژیانی مرۆڤـدا روودەدا. لەم دیدگایـەوە دەکارێ و بایەخـدارە وەك خـۆی لـە روانگـە هونەریەکەیەوە بڵێم لە ساڵی ١٩٩٧ خولیـای دنیـای مێرغـوزاری شـێعر بـووم. یەکـەم شـێعرم لـە پاشکۆی خەباتـدا بـڵاو کرایـەوە. بـەدەیان کۆڕی بە تەنیام لە دەڤەرە جیاکانی کوردسـتان ئـەنجام داوە .یەکـەم نۆبەرەی شێعریم لە ٢٠٠٤ە کتێبیك بوو بە نێوی (تریفـەی غوربـەت) لـە ڤیسـتیڤالی ئـەو ساڵەی وەزارەتـی وەرزش و لاوان لـــە قەســیدەی شیعری تـوانیم پلـەی دووهـەم بـە دەست بێنم ....**ئێستاش سێ دی و کتێبێکم کە کاری هونـەریان تـەواو کـراوە لـە سـەر بڕیـاری خـۆم وەستاون بۆ بڵاو کردنەوەیان ...**

**پ: ئـافرەت؟ نیشـتمان؟ سرووشـت؟ سـەرچاوەی ئیلهامن بۆ تۆ؟**

و:...ئـافرت، نیشـتمان سروشـت هەرسێ چەمکەکە سێ پرسی گرنگ بـوون و گـەردوون و مرۆڤایـەتین و هەرسـێکیان جێگـای مشـتومڕی فەلسـەفە و شـێعرن. هـەزاران رای جیـاوازی بیرمەنـدان سـەبارەت بـەم سـێیانە وتـراون و نووسـراون. بێگومان بۆ چەمکی شیعریش هـەر وایـە. سۆژەی شـێعر نـەبووە لـەم چەمکانە نەدوابێت رەنگە ئەمانە بە رووالـەت ئاسایی بنوێنن بـەڵام کە دەچـنە فـۆرمی شـێعرەوە بـە جـۆرێکیتر دەر دەکـەون. چـونکە خەیاڵی شاعیر بە جۆرێکیتر وێنایان دەکات "شیلی: دەڵێت ئەو شتانەی ئاسـاین شـیعر وایـان لێـدەکات ئاسـایی نـەبن. وای بـۆ دەچم واش رەنگدانـەوەی لای مـن هـەبووە ئـافرەت، نیشـتمان، بـۆ هەمیشـە نابنـە هـەوێنی شـیعر. مەبەسـتم ئەوەیە مرۆڤ لە هەموزەمەنێکدا لـە هـەموو تەمەنێکـدا ئینتیمـای بـۆ نیشـتمان وەکـو یـەك نییـە. هەرچـەندە مرۆڤـەکانی نیشـتمان وخاکەکەی ناشـێت ئاوێتـەی یـەکتر بکرێن. بە بۆچـوونی مـن سـتاتیکا، سروشـت و دنیـا ئەفسـوناویەکەی بەردەوام گینگڵ بە شاعیر دەدەن . شێعری شاعیرێك نییـە تـژی نـەبێت لە روانـینی ئەسـتێرەیەك و پرچـی شـۆرە بییـەك و گونـای بـە ویقـاری مـانگ و ڕوانگـەی تاشـە بـەردێك و هـەورازێکی تاقـەت پـرووکێن. ئـەو شـێعرانەی بـۆ نیشـتمانم نووسـیون کـەم نـین. دانیشـی پێـدا دەنـێم شیعرە کانم قەرزباری چاوی کاڵ و لەنجەی شۆخان و گۆنای ئاڵن.

**پ: بـەڕێزت لـە شـێعر دا گرینگـی بـە کامـە لایـەنی شـێعری دەدەیت؟ فۆرم یا ناوەرۆک؟**

و: حەزناکـەم لـەم سـەردەمە جەنجالەی شعردا بڵێم فۆرم و ناوە ڕۆك تەواوکـەری یـەکترن، قـەینا وتمان رەوتـی شـێعری هەنـدێ جار تێك دەشکێت و هەندێ جاریش بینا دەکرێتەوە. مەبەستم تێك شکاندنی فۆرمی شـێعرییە بـەڵام لای هەنـدێ شـاعیران فـۆرمی شـێعری کـاری هونەریی بۆ نەکراوە. ئامانج ئەوەیە ناکرێت هیچ کام لەم دووانە لە سـەر حیسابی یەکتر بانگەشـەی داهێنـان و رەسـانایەتی بکـەن. شـێعر ئیزابێلی" ئیسپانی گوتـەنی: شـێعر کارلێـك کردنـی هەسـتەکانی ناخی شـاعیرە.ئـەم هەسـتانە زێـتر لـە نێوەرۆکـدا کـار لـە یـەکتر دەکـەن بـەڵام ناشـبێ وێنەکێشـێك چـەندین وێنەکـەی جـوان بێـت خشـڵ وپۆشاکی لـە بـەر نـەبێت. هونـەری شیعری ئیمرۆ ناوەڕۆك بە تـەنها بـە مەفهومـەوە نابەسـتیتەوە. چـونکە قسـەیەکی سـادەش مـەغزای هەیـە بـەڵام پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە ستاتیکاو وێنـەی شـێعری و ریتم و میوزیـك و خـەیاڵ و زمـان بـە مانـە نەتەوەیی و فەلسەفییەکەی.

ئەگەر هونەری شێعری نەبێت لـە سـەر شـەقامێك بـە دەسـت یـەن؟ کاری شیعری من ئەوەیە هونەریانـە تر فۆرم و ناوەرۆك بە شێعر بکەم.

**پ: بـەڕای جـەنابت ئەگـەر شاعیر بیەوێ بیری نوێ لـە فـۆرمی کۆنـدا داڕێژێتـەوە، چەندە سەرکەوتوو دەبێت؟**

و: گومانم لەوە نییـە شـاعیر لـەم کارەدا سەر کەوت و بێـت خـاڵی بـە سـوودیش لـەم ئامانجـە دەبینم بـە تایبـەتیش بـۆ شـیعری گـۆرانی پـەیامێکی بایەخـدارە ئـەم شـاعیرانەی لـەم رێچکەیەدا کاریان کـردوە لـە رووی نێوبـانگ و چ لـە رووی مادیـەوە سـەر کـەوتوو بـوون بـەڵام بـۆ لایـەنی هونـەری شـتێکم نییە ؟زۆر لە تەك ئەم رایـەدا کۆکم دەڵێ: خەوشی کلاسیك ئەوە بـووە هونـەری هەسـتیارانی بـە سـەروا و قافیـە شـەکەت کـردوە. ئـەوەی بـەڕێزتان دەڵـێن ئەگـەر گەڕانـەوە بێـت بـۆ ئـەم دۆخـە خەوشـە بـۆ هونەری نێوەرۆك.واتە گرینگیدان بە لایەنێك لە سەرحیسابی لایـەنێکیتر گرینگی نەدانـە بـە خـودی جـوانیی هونەری شیعر.

**پ: شـێعر چـی پـێ بەخشـیوێت؟ چـی لـێ سەندوویەتەوە؟**

و: لـە دنیـای رۆشـنفکریدا زۆرچەمك هەن خاسیەت و سروشت و بونیادیـان وایـە دەشبەخشـن و وەریش دەگرن، شـێعر فێـری کـردم خـۆم لـە هـەموو کـەس ژێرتـرو جەسـورترو بەخشـندە تـر نـەبم. شێعرچـەردەیەك مرۆڤـی لـێ ستاندومەتەوە منیشی لـە کۆمـەڵێك مـەخلوقی کۆمـەڵ ودەسـەڵات سـتاندۆتەوە .دواجـار دەزانم زەرەر مەندی یەکـەم خـۆمم بـەڵام ویـژدانم ئاسـوودەیە چـونکە شـێعر بـە عەشـقێکی سـەرمەدی و جاویـدان رۆحـی ئـاوەدان کردومەتـەوە. شـادەماری تـژی کـردووم لـە ئەوین.ئەوە شیعرە بوارم نادا بە نیگـای ئەفسـووناوی بـۆ هـیچ مەخلوقێك بڕوانم. شێعر لەگـەڵ جـوانی و بەخشـندەیی ئـاویزانی کـردم، ئـای کـە قـەرزداری شیعرین.

**پ: چەند کۆمەڵە شێعرت چاپ کردوە؟**

و: نۆڤالس دەڵێ:ڕۆمانسیەت دەدەینە پاڵ هـەمووجیهان بەمـە واتـای بنـەرەتی کاینـات دەدۆزینـەوە.ڕۆمانسـیەکان لـە غوربەتـدا بـوون بـۆ نیشـتمان خـەیاڵ سـەردولکەی ئـەوان لـە بۆتـەی شۆڕشـدا بۆچـینی کـەم دەرامـەت وهـەژار بـوو لـە دژی سـەرمایەداری وئەرۆسـتۆکراتی .بەدیدی مارکس لەکۆمەلگـەی سـەرمایەداریدا کەمینـە زۆرینـە بـەرێوە دەبات.خـەیاڵ کـە بـە بـەردەوام لـە شـیعری ڕۆمانسـییەکاندا بـوونی هەیـە کانت:یەکێکە لەم فەیلەسوفانەی ئەندیشـەی بـە چـاوگی بەرهـەم هێنـان و سـتاتیکا زانیـوە. ئـەی ئـەوە نییـە منـیش تامـەزرۆم شـێعرم لیـوان لێـو بێـت لـە ڕۆمانسیەت .

**پ: وەکـوو شـاعیرێک پێتوایە شاعیر لەبەرامبەر چ شێکدا بەرپرسیارە؟**

و: بەرپرسیاریی شێعر لـەوەدا دەبیـنم سـنوردارو دەسـپلینێکی داڕێـژراوی ئایـدۆلۆژی وکـارگێڕی نییـە بـەلکو بەرپریسـاریی ئـەخلاقی و ویژدانییـە ئاویتـەی کەسـایەتی ونەسـتی شـاعێر دەبێت. شاعیر هاوارەکـانی لـە ناخـەوە سەرچـاوە نـەگرن جیالەوەی هونـەری شیعری لاواز دەبێـت ئـەرکی راسـتەقینەی شـێعریەتیش لـە دەسـتدەدات. شاعیر کـە روشـەکانی درۆزنانـە بـوون دەواری شـێعری تەمـەنی کورت دەبێت. مخابن شاعیرانی ئێمـە تـەنها لـە کـاتی نووسـینی شـێعروخوێندنەوەی شیعردا بـە شاعیر دەچـن. شـاعیر دەبێـت وێنەی فروغ ژیانیشـی شـاعیرانە بێت. نەوەك بە تەنها شێعرەکانی هەرچـەندە ئیمرۆ ئـەدەب ئـەم زەمەنە نییە شاعیر هـەمووژیانی خۆی بە شێعر ببەخشێت. وەڵـی بەم مانایەش نییە هـەموو کارێك بە شێعر ڕاهی بکات و شێعر تاکە ئامانجی ژیـان بـونی بێـت.شـێعر بکـات بـە دیوجامەیـەك بـۆ خەفلانـدن و بینـاکردنی خەونـەکانی، ئەگـەر بـاس لـە لایـەنی هونـەری شـێعر نەکەین.ئەوەی شاعیرو شێعر لە خاسیەت و واژەی مرۆڤەکانی تر جیـا دەکاتـەوە لایـەنی سـایکۆلۆژیی شـاعیرو بنەواشەوکانیاوی بەرائەتی ناخی شـاعیرە هەمیشـە بێگـەردی و پاکیزەیی لێوە دەرژێت.

# ئازادی

پۆل ئێلوار (١٩٤٢)، وەرگێڕانی لە فەڕانسەوییەوە : ئاسۆی حەسەن زادە
- پێشکەش بە گیراوانی رۆژهەڵاتی نیشتمانم -

لەسەر دەفتەری قوتابی
لەسەر مێزی قوتابخانە
لەسەر لم و
بەفر و درەخت
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر لاپەڕەی خوێندراوە
لەسەر لاپەڕە سپییەکان
لەسەر بەرد و خوێن و کاغەز
لەسەر خەڵووز وخۆڵەمێش
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر نیگاری شانازی
لەسەر تفەنگی پێشمەرگە
لەسەر تاجی سەری پاشا
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر دارستان و سەحرا
لەسەر هێلانە وپەڕی گوڵ
لەسەر زایەڵەی منالییم
***
ناوت ئەنووسم ئازادی
لەسەر تەلیسمی نەرمی شەو
لەسەر نانی زێڕینی رۆژ
لەسەر وەرزی دەزگیرانان
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر تیتۆڵ و پەڕۆی شین
گۆمی مەندی بەر خۆرەتاو
لەسەر کانی
گشت نیشانەی ئەوین و ژین
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر مەزرای دەمی ئاسۆ
دندووکی کەو
لەسەر ئاشی سێبەرەکان
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر هەناسەی کازیوە
لەسەر دەریا
لەسەر کەشتی
لەسەر شاخ و دۆڵ و دەشتی
***
ناوت ئەنووسم ئازادی
لەسەر هەوری وەکوو پەمۆ
لەسەر ئاسمان
لەسەر رێژنەی خووڕی باران
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر هێمای درەوشاوە
لەسەر گوڵینگی رەنگاورەنگ
لەسەر راستیی نەشاراوە
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر کوێرە ڕێی وشیاری
لەسەر رێگای بێ کۆتایی
لەسەر مەیدانی گەورەی شار
ناوت ئەنووسم ئازادی

***
لەسەر چراوگی داگیرساو
لەسەر فانۆسی کووژاوە
لەسەر ئامانج و رێبازم
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر سێوی دوولەتکراو
درزی ئاوێنەی ژوورەکەم
لەسەر نوێن و بانی شێواو
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر سەگە نەوسنەکەم
لەسەر هەردوو گوێچکەی قوتی
لەسەر قاچە شکاوەکەی
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر شیپانەی دەرگاکان
لەسەر هەرچی پێی دەنازم
لەسەر گرفەی گڕی پیرۆز
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر هەنیەی هاوڕێیانم
لەسەر سینگی شەهیدانم
لەسەر دەستانی هانابەر
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر نامەی هەواڵی خۆش
لەسەر لێوی خۆشەویستان
زۆر بەرزتر لە بێدەنگی
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر پەسیوی رووخاوم
لەسەر چلچرای شکاوم
لەسەر دیواری یەخسیرییم
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر دووریی پڕ ئارەزوو
لەسەر تەنیایی پێپەتی
لەسەر پێپلیکانەی ئێعدام
ناوت ئەنووسم ئازادی
***
لەسەر بووژانەوەی لەنوێ
لەسەر بەختەوەری و شادی
لەسەر مەترسیی لەنێوچوو
لەسەر هیوای بێ ترس و ئێش
ناوت ئەنووسم ئازاد
***
بە هێزی تاقە وشەیەک
تێ هەڵ دەچمەوە بۆ ژیان
من بۆ ئەوە لە دایک بووم
کە پێت بگەم
هەتاکوو ناوت بنووسم
ئەی ئازادی
***

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 532 4 Apr 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# شێرکۆ بێکەس گەورەترین کەسایەتیی مایسی" الوارف"



دەزگـــای (الـــوارف) شـــاعیری گەورەی کـــورد شـــێرکۆ بـــێکەس بە گەورەترین کەسایەتیی مـانگی مایسی ٢٠١٠ وەك پێشـەنگێك یـان داهێنەرێـك لە شێعری کوردیدا دەستنیشان کرد.

شـێرکۆ بێکەس کە لە سـاڵی ١٩٨٧ ەوە شێعرەکانی لە ژێر ناوی دیوانەکانی (شـێرکۆ بـێکەس) ەوە لە چـاپ دراون کوڕی شاعیری گەورەی کورد فایەق بێکەسـەو لە سـەردەمی حکـوومەتی بەعـس دا بـۆ باشـووری عێـراق دوور خـراوەتەوە و چەوسـانەوەیەکی زۆری لە ژیان دا دیوە. دواتر ڕووی کردۆتە شاخ و لە سەنگەری پێشمەرگەدا ژیاوە.

نـــاوبراو پـــاش ئەوەی ١٩٨٦ بەرەو هەنـدەران ڕێـگەی گرتـۆتە بەر چەنـدین کـۆری شـێعری لە وڵاتـانی سـوئێد، دانیمـارك، ئـوتریش، بریتانیـاو.. هتـد گرتـووە لە ئیتالیـا و پاشـان ئەمریکـا نازنـاوی (citizen of Milan) ی وەرگرتوە.

شێرکۆ بێکەس لە پێشەنگانی شێعری نـوێی کـوردییەو بە سـتایلێکی نوێـوە بە نـاوی "روانـگە"( vision) دەسـتی بە نووسینی شێعرەکانی کرد.

بـێکەس لە سـاڵی ١٩٧٥ داهێنـانی تـازەی خستە کـارەوە ئەویـش ( poster poems)ە کە ئەمەش لە بنچیـــــنەی داتاشـــین و وێـــنە کێشـــانەوە سـەری هەڵـدابوو، کە ئەو جـۆرانەش هەمیشـە هۆنراوەی کورت و بچکۆڵەو ئاسایی لە هەمانکاتـــدا دەربڕینـــی شـــاراوە و بایەخداران .

# ژنانی کورد پلەی یەکەمی کاراتەی ئێرانیان وەدەست هێنا



لە چوارچێـــوەی پێشـــبڕکێیەکانی کاراتـای ژنـان لە ئێرانـدا کە تێـدا ٤٠٠ کەس لە ١٠ پارێزگای ئەو وڵاتەوە بەشدار بـوون، ژنـانی کـورد توانییـان بە بـردنەوەی ١٠ میـــدالی زێـــر پـــلەی یەکەمـــی پێشـبڕکێیەکانی بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکەن.

لەم پێوەنـدییەدا مـاڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز بڵاوی کردەوە کە ئەستێرە عەتایی، مونا ناسری، ڕۆژین سەڵەواتی، نگین و سارا چنارە، سەنا زارعی، بیتا ساعید پەنا، شنە کازمی، سەما محەمـمەدی، شاناز مەتی پوور، فاتمە ئەسلانی، ئەوین ساعید موچشی لە ئاستی تەمەنەکـانی مێرمنـــداڵان و لاوان دا توانیـــان چەنـــد میـداڵی زێـرو زیـو بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکەن.

لە ئاسـتی تەمەنـی گەورە سـاڵانیش دا هەر یەك لە سـروەر محەمـــمەدی، سومەیە مەجیـدی و سروە محەمـمەدی بە شێوەی تیم پلەی یەکەمیان وەدەست هێنا. لە پێشبڕکێیەکانی تاکە کەسییش دا لادەن خوسـرەوی پـلەی سـێهەمی بە دەست هێنا.

# کرانەوەی پێشانگەیەکی وێنە لە شاری سەقز



پێشـانگەیەکی وێنەیـی لە بەرهەمـی وێنەگرانـی سـەقزی بـۆ مـاوەی یەك مانـــگ بەرووی ئـــۆگرانی هـــونەری وێنەگریدا کرایەوە.

ڕێکەوتی ١ی خاکەلێوە، پێشانگایەکی وێنەیـــی لە بەرهەمەکـــانی دوکتـــور ئەمـــجەد عەزیزپەنـــا، ناســـر فەیزوڵڵابەگـی، کـامبیز مـوقتەدێری، دوکتـــور کـــامبیز وســـووقی، ئـــازاد مسگەری، ئەرسەلان بەهرامـی، سۆران سائب، سەعیدە سائب و حەمیدە سائب، لە پـێگەی ئینتێرنێتـی ئارتـاکوردۆ و لە ژێر ناوی پێشانگەی وێنەیی گرووپی" وێنـار" کـرایەوە و بڕیـار وایە تـا کۆتـایی مانگی خاکەلێوە درێژەی هەبێ.

شایانی باسە کە ئەو جۆرە پێشانگە تایبەتییـانە لە کـۆمەڵگەی هـونەریی کوردستان دا شێوازێکی نوێ لە جۆری خۆی دایە.

# خەڵاتی موزیکی ئازادی پێشکەش بە هونەرمەندێکی کورد کرا



خەڵاتـی نێـودەوڵەتیی مـوزیکی ئـازادی، پێشـکەش بە " فەرهـاد تـونج" ئـاوازدانەرو گـۆرانیبێژی نـاوداری بـاکووری کوردسـتان کرا.

ئەم خەڵاتە کە لە لەنـدەن بە" تـونج" درا، پێشـکەش بەو هونەرمەنـدانە دەکـرێ کە لە کـــاتی ئەنجامـــدانی کـــارە هـــونەری و ڕووناکبیرییەکـــان دا ڕووبەڕووی گوشـــارو زیندان و هەڕەشە دەبنەوە.

بە گـوێرەی هەواڵـی مـاڵپەڕی هەواڵنێـر بەرپرسـی دەسـتەی جێبەجێکـاری ڕێوڕەسـمی پێشـــکەش کردنـــی خەڵاتـــی نێـــودەوڵەتیی مـوزیکی ئـازادی لە کـاتی پێشـکەش کردنی ئەم خەڵاتە دا بە "فەرهـــاد تـــونج"، وتـــی: فەرهـاد تـونج لە ڕێـگەی چالاکییەکـانی بـۆ پەرە پێدانی موزیـك و هـونەر، زیـاتر لە سێ دەیە لە ژێـر گوشـاری سیسـتمی دادوەری و پۆلیسی تورکیا دا بـووەو هەوڵێکی زۆری بـۆ ئازادیی ڕادەربڕین داوە.

هەروەهـــا فەرهـــاد تـــونجیش لە کـــاتی وەرگرتنـی ئەو خەڵاتە وتـی:" وەکـوو کەسـێك کە بەشـێکی زۆر لە ژیـانی خـۆم لە هـۆڵی دادگاکـان بـردۆتە سـەر، لەمەودوا بە هـیچ شێوەیەك هەست بە تەنیـایی نـاکەم، چـونکە پێم وایە هێندێك کەس پشتم دەگرن.

# خەڵاتی "پەپوولەی زێڕین" پێشکەشە بە "بیرەوەریی ئازاری ژنان"



دەستەی داوەرانی فێستیڤاڵی فیلمەکانی ڕێکخـــراوی نێـــونەتەوەیی لێبـــووردن لە دوارۆژی کـاری خـۆی دا خەڵاتـــی ئەم فێستیڤاڵەی بە ناوی "پەپولەی زێڕین"ی بە هۆی هیوادارترین و بەرچاوترین چالاکی لە فیلمـــی" ژنـــان لە کفـــن دا" پێشـــکەش بە "شادی سەدر" کرد.

شـــادی ســـەدر ســـەرەڕای ئەوەی کە لە کـورتە نووسـراوەیەکی ئینتێرنێتـی دا مـافی ئەو خەڵاتە بە کاندیـدەکانی دیـکەی وەك" سـومالی مـام( فیمینیسـتی کـامبۆجی ) و"ڕەبیعا خەدیر" چالاکی سیاسیی ئەلجەزایر دەدا، دەڵێ: بە داخەوە لە ڕێوڕەسمی کۆتایی فێسـتیڤاڵ دا بەشـدار نەبـووم و بیریشـم نەدەکـردەوە ئەو خەڵاتە بە مـن بـدرێ. ئەو خەڵاتە نەك بە مـن بەڵکـو دەبـێ بـدرێ بە تاك تاکی چالاکانی کەمپەینی "قانوونی بێ بەردە باران"، جا چ ئەوانەی ژیان، چالاکیی و وێنەکانیان لەو فیلمە دا هاتبوو بە تایبەت مەحبووبە عەباسقولی زادە، ئاسیلە ئەمینی و ئەنـدامانی تـۆڕی پارێزەرانی خۆبـەخش و چ ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەك بێ لەو فیلمە دا پێشان نادرێن.

ناوبراو دەڵێ دەمەوێ ئەم بڕە پارەیەی بە مـــن دەدرێ پێشکەشـــی بە "بیـــرەوەری" بکەم،کە بە بڕوای من ئێمە مێژووی ئازارو ئەزیەت و تونـدوتیژی دووپـات دەکەیـنەوە، چـونکی قەت نەبـووە بیرەوەرییەکانمـان بە دیکۆمێنـــت بکـــرێن، ئـــازارو ڕەنجـــی قوربانییەکـــانی تونـــدوتیژی بە فەرمـــی نەناسراوە. بۆیە ئەم بڕە پارەیەش پێشکەش بە پڕۆژەیەك دەکەم کە بتوانێ دەردو ئازاری ژنـــانی وڵاتەکەم لە یەکێـــك لە تـــاریکترین قۆناخەکـانی پێشـێل کردنـی مـافی مـرۆڤ واتە دەیەی ٦٧ـ ٥٧ بەڵگەمەند بکا.







# ژمارەی تازەی "لاوان" و "ژنان"

ژمـارە ٣٦ی گـۆڤاری "لاوان" کە یەکیەتیی لاوانـی دێمـوکراتی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان دەری دەکا چاپ و بڵاو کرایەوە. لەم ژمارە تازەیەی گۆڤاری لاوان دا ئەم بابەتانە بەر چاو دەکەون: ڕۆژی زمـانی زکمـاکی و ئەرکـی لاوان، لاوان و نارەزایەتییەکـانی ئەم دواییـانەی خەڵکـی ئێـران، نەورۆز و زەردەشـت، کۆمـاری ئیسـلامی و کۆتـایی تەمەنـی، ئەنجـومەنە ئەدەبییەکـان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و چەنـدین بـابەتی جۆراوجۆری دیـکەی ئەدەبـی و کۆمەڵایەتی هتد.

گۆڤاری "ژنـان"یش کە گۆڤـارێکی وەرزانەی سیاسـی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە و ، یەکیـەتیی ژنـانی دیمـۆکراتی کوردسـتان دەری دەکـا، بە کۆمەڵێـك بـابەتەوە لەم ڕۆژانەدا ژمارەی ٢٥ی دەکەوێتە بەر چاوی خوێنەران و ئۆگرانی مەسەلەکانی ژنان.

# دیکۆمێنتی "ئێران و ڕۆژئاوا" یەکێک لە براوەکانی خەڵاتی پیباری

فیلمی دیکـۆمێنتی" ئێـران و ڕۆژئـاوا" کە بەرهەمـی هاوبەشی کۆمپانیای "بروك لێپینگ و "بی بی سی" و چەند کانـاڵی وەك "نەشـــــــــــــــــــــــــــــــــــنـاڵ جیوگرافیـك"،"فـرانس3"،"پـرێس تیڤـی"و" NHK" و چەنـدین کانـالی دیـکە، وەك یەکێـك لە براوەکـانی خەڵاتـی پیبـاری دەستنیشان کرا.

ئەو بەرهەمە سـێ بەشـییە کە سـاڵی ڕابردوو لە "بی بی سی" بڵاوکرایەوە، لە ماوەی نزیك بە ٣ساڵ دا بەرهەم هاتووەو "نۆرمـا پێرسـی" دەرهێـنەری بریتـانی بە هاوبەشـیی سـێ دەرهێـنەری دیـکەی بریتانی و فەڕەنسی و ئەمریکایی کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.

بەر لەماڵاوایی

## شێعرەکانم
## دەبنە دەنگی ڕۆحی نەمران

(بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە)

**نادر قازی**



دوێشەو هەموو شێعرەکانم
دەستە دەستە خۆیان ساز کرد
تا بەربەیان بەڕێ کەون بۆ سەر قەبران
تا گوڵ دانێن لە سەر گۆڕی هەموو نەمران
❊❊❊
دوێشەو هەموو شێعرەکانم
وا لەشکری ڕستەکانیان کۆ کردەوە
هەموو وشە جوانەکانیان جۆ کردەوە
تا بەربەیان خۆیان ساز کەن
خۆیان ئامادەی ئاواز کەن
ببنە سروود لە سەر قەبران
ببنە دەنگی ڕۆحی نەمران

دوێشەو هەموو شێعرەکانم
ئەو شێعرانەی خوێنیان دابوو
ئەو شێعرانەی ڕەنگی زەردی خۆریان تیابوو
ئەو شێعرانەی بۆ ئاشتییەکان هەوڵیان دابوو
ئەو شێعرانەی کە سەوزایی نیشتمانیان لە دڵدا بوو
بڕیاریان دا کە بەربەیان
دەستە دەستە بچنە قەبران
گوڵ دابنێن لە سەر گۆڕی هەموو نەمران
❊❊❊
کە بەربەیان پێش وەی خەڵك لە خەو ڕابن
پێش وەی ئەستێرە ئاوا بن
بڕیاریان دا لە مەیدانی چوارچرا بن
تا گوێبیستی دەنگی بەرزی پێشەوا بن
ئینجا بڕۆن بۆ سەر قەبران
ببنە زەمزەمەی سەر لێوی ڕێبوارانی ڕێگەی نەمران
❊❊❊
بەری بەیان
دوای وەی جەستەی ئەستێرەکان
لە سێدارە کرانەوە
شێعرەکانم لە چوارچرا بەرەو قەبران وەڕێ کەوتن
بوونە ئالاو لەو ڕۆژەوە لە دڵی خەڵك شەکانەوە
لەو ڕۆژەوە دەستە دەستە شێعرەکانم دەچنە چیا
پاش ماوەیەك، پاش ماوەیەك گشتی دەبن بە پێشەوا
❊❊❊

